گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# رۆڵی موڵکدار و خێڵەکان لە رووداوە سیاسییەکانی ئێران ١٩١٤ – ١٩٤١

**م. عبدالخالد صابر کریم**

بەشی مێژوو- کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانیی

abdulkhalid.karim@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بۆ ئاماژەپێدان و تێگەیشتنە لە بارەی رۆڵی موڵکدار و خێڵەکان لە رووداوە سیاسییەکانی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ – ١٩٤١. وڵاتی ئێران لە نێوان ئەو ساڵانەدا دوو حکومەتی پاشایی قاجاریی و پەهلەوی حوکمڕانیان کردووە، لەو کاتانەدا بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بارودۆخێکی دژوار و هەستیاریان بەسەر بردووە، بە تایبەتی زۆربەی دانیشتوانی ئێران لە بارودۆخێکی دژواردا ژیاون، هۆکاری ئەو بارودۆخە بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە جگە لە ململانێی نێوان موڵکدار و سەرۆك هۆزەکان لەگەڵ جوتیارو خەڵکە نەداراکە، لە لایەکی ترەوە دەستوەردانی وڵاتانی زلهێزی ئەو کاتانەی وەك رووسیای تزاری و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاروباری ناوخۆی ئێران، ئەو سێ وڵاتە کاریگەریی جیاواز لە یەکتریان لەسەر دەسەڵاتدارانی ئێران و رووداوەکانیدا هەبووە.

ئاستەنگەکانی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، سەرچاوە لە بارەی رۆڵی موڵکدار و خێڵەکان لە رووداوە سیاسییەکانی ئێران لە ماوەی ئەو ٣١ ساڵەدا بە کەمی نووسراوەو ئەوەشی نووسرابێت زیاتر بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزین، کە پێویستی بە کات بووە بۆ بەدەستخستنیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرچاوانەی لەو بارەیەوەن پێویستیان بە روونکردنەوەو شیکردنەوەیە هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی شیکاریی لە چوارچێوەی شێوازی پێکهاتەییدا پەیڕەو کراوە، بە مەبەستی ئەوەی لەم رێگەیەوە زانیاریی لەسەر رۆڵی موڵکدار و خێڵەکان لەسەر رووداوە سیاسییەکانی ئێران بخرێتەڕوو، هەروەها شێوازی شیکاریی و لێکدانەوەش پەیڕەو کراوە.

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکی و دەروازەو سێ تەوەرو ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە تەوەرەی یەکەمدا بە کورتی ئاماژە بە پێگە و رۆڵی موڵکدار و خێڵکان لە رووداوە سیاسییەکانی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ – ١٩٢٠ دراوە، لەو ماوەیەدا پاشاکانی دەوڵەتی قاجاریی کە حوکمڕانی وڵاتیان ئەکرد، بەشی زۆرینەی چینەکانی وڵات هەر لە جوتیار و رووناکبیر و کرێکار و پیشەوەر، لە دۆخێکی ئابووریی سەختدا ئەژیان و دەسەڵاتداران گوێیان لە داواکارییەکانیان نەئەگرت، لە ئاکامی ئەوەدا کێشە و میملانێ ئەهاتە ئاراوە. لە تەوەرەی دووەمدا کە هەمان ناونیشانی تەوەرەی یەکەمە، بەڵام ماوەکەی لە ساڵی ١٩٢١دا دەست پێ دەکات، کە لەو ساڵەدا کودەتا بەسەر دەسەڵاتداری قاجارییدا کراوە و گۆڕانکاری لە وڵاتدا لە رووی سیاسییەوە دێتە ئاراوە، هەروەها دەستوەردانی وڵاتانی بیانی لە ئێران دا، وایکردووە کێشەو ململانێ ناوخۆییەکان بە جۆرێکی تر دەربکەون. تەوەرەی سێیەم لە ساڵی ١٩٢٥دا حوکمڕانی پاشایەتیی پەهلەوی لە لایەن رەزا خانەوە رائەگەیەنرێت و کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتیی قاجاریی دێت، لەو ساڵە بەدواوە رووداوە سیاسییەکان چەند جۆرێکی جیاواز لەخۆ ئەگرن، کە بە شێوەیەکی زەقتر هەندێك رووداوی سیاسیی تری وەك نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی ی و ئابووریی تاکو ساڵی ١٩٤١ سەرهەڵ ئەدەن، کە لەو ساڵەدا دەسەڵاتی رەزا شا کۆتایی پێ دێت.

**کلیلە وشەکان: رۆڵی موڵکدار و خێڵەکان، ململانێی سیاسیی چینەکانی ئێران، دەستێوەردانی زلهێزانی ئەورووپا، رەزا شا و گۆڕانکاریی سیاسیی.**

Recieved: 21/5/2024
Accepted: 15/7/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەویی لە ساڵی ١٥٠١ی زایینییدا بە ماوەیەکی کەم کێشە لە نێوان ئەم دەوڵەتە و دەوڵەتی عوسمانیی دا درووستبوو، ئەوە بوو بە هۆی ململانێی نێوانیان، شەڕی چاڵدێرانی ١٥١٤ی زایینیی بە دوادا هات کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان روویدا و دەوڵەتی عوسمانی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لە ئەنجامی هەر شەڕێکی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا زۆرجار پەیماننامەیەك ئەهاتە ئاراوە.

لە سەدەی نۆزدەدا کە دەوڵەتی قاجاریی حوکمڕانی ئەکرد، ئێران هەروەك زۆربەی وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی خێرا لەگەڵ بازاڕی سەرمایەداریی جیهانیی پەیوەندیی گرێدا، هۆکاری ئەوە بۆ پێکهاتەی قەوارە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکەی ئەگەڕێتەوە، ئەوە بوو جوتیار دوای پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆ لە بەرهەمەکانی بۆ بازاڕەکانی دەرەوەشی ئەنارد، ئەو کارە بووە هۆی بەرزبوونەوەی بەرهەم و زیادبوونی نرخەکەیشی لە هەمان کاتدا کەرەستەی گونجاویشی بەدەست ئەهێنا، کە خەڵکی وڵاتەکە بە لایانەوە گرنگ بوو، لە ئاکامی ئەو پەرەسەندنە لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا، سەرۆك هۆز و هاوشێوەکانیان ئەبوون بە موڵکداری سەدان گوند، تەنانەت (شا)کانی دەوڵەتی قاجارییش تاکو پێش هەڵسانی یەکەم جەنگی جیهانی بوونە موڵکدارێکی گەورەی خاوەن هەزاران گوند، بە هۆی ئەوەوە پەیوەندییە دەرەبەگییە باوەکان بەرەو داڕمان هەنگاوینا، ئەو حاڵەتە بە گشتیی کاریگەریی لەسەر جوتیاریی ئێران درووست کرد و بوو بە کەسێکی نەدار و نەخۆش و نەخوێندەوار.

گرنگیی و بایەخی توێژینەوەکە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە بە درێژایی سەردەمەکان خێڵ و موڵکدارەکان رۆڵیان لە حوکمڕانی ئێران دا بینیوە و تەنانەت هەندێك لەوانە گەیشتوونەتە پلە و پایەیەکی بەرز لە دەوڵەتدا، لە لایەکی ترەوە خێڵ و موڵکدارەکان لە هەندێك جاردا بوون بە ئۆپۆزسیۆن و رۆڵیان لە خۆپیشاندانی ناڕەزایی و راپەڕینی چەکداریدا بینیوە.

هۆکاری هەڵ بژاردنی ئەم توێژینەوەیە لەبەرئەوەیە؛ زۆر بە کەمیی لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوە کراوە، تەنانەت ئەوەشی کرا بێت لە بارەی ناوچەیەکی دیاریکراوی ئێرانەوە بووە نەك بە شێوەیەکی گشتگیر بووبێت، چونکە لەم توێژینەوەیەدا زۆربەی ناوچەکانی ئێران ئەگرێتەوە کە لە چەندین نەتەوەو پێکهاتەی ئایینیی جیاواز پێکهاتوون.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، ئاماژە بدرێت بە رۆڵی ئەو خێڵ و موڵکدارانەی نەتەوەو پێکهاتە ئایینیەکانی ئێران لە نێویاندا نەتەوەی کورد لە رووداوە سیاسییەکاندا، هەروەها خستنەڕووی چەندین رووداوی سیاسیی کە لەو توێژینەوانەی پێشتر نووسراون ئاماژەیان پێ نەدراوە، کە ئەو رووداوانە کاریگەرییان لەسەر رەوتی سیاسیی ئێران دا بە شێوەیەکی کەم یاخود زۆر هەبووە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی شیکاریی لە چوارچێوەی شێوازی پێکهاتەییدا پەیڕەو کراوە، بە مەبەستی ئەوەی لەم رێگەیەوە زانیاریی لەسەر رۆڵی موڵکدار و خێڵەکان لەسەر رووداوە سیاسییەکانی ئێران بخرێتەڕوو، هەروەها شێوازی شیکاریی و لێکدانەوەش پەیڕەو کراوە.

هەرچەندە لەم توێژینەوەیەدا سەرچاوەی چەند زمانێکی جۆراوجۆر هەر لە تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر و کتێب و گۆڤار و رۆژنامە بەکارهێنراوە، بەڵام هەندێك سەرچاوە سوودی زیاتریان لێ وەرگیراوە، لە نموونەی ئەوانە:

محمد، فوزية صابر: ايران بين الحربين العالميتين ١٩١٨ - ١٩٣٩ - تطور السياسة الداخلية - رسالة الماجستير كلية الآداب جامعة البصرة، ١٩٨٦.

ئەحمەد، کەمال مەزهەر، د: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

بورزوویی، موجتەبا: بارودۆخی سیاسیی کوردستان ۱۸۸۰ – ۱۹٤٦؛ نازناز محەمەد عەبدولقادر، یوسف خزر چوپان، سۆران عەلیپوور، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ۲۰۰۵.

السبكي، آمال، د: تأريخ ايران السياسي بين ثورتين (۱۹۰٦ – ۱۹۷۹) سلسلة عالم المعرفة، الكويت, ۱۹۹۹.

سترانك، ويليام ثيودور: حكم الشيخ خەزعەل بن جار واحتلال امارة عربستان، ترجمة: عبدالجبار ناجي، الدار العربية للموسوعات، الطبعة الثانية، بيروت، ۲۰۰٦.

صابر، فرح: التطورات السياسية في ايران في عهد رضا شاه بهلوي ۱۹۱۸ – ۱۹۳۹، مركز الدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ۲۰۱۳.

محمود، فاضل ملا، د: من تأريخ الحركة الثورية في ايران، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ۲۰۱۱.

ابراهيميان، پرواند: ايران بين دو انقلاب، ترجمه: احمد گل محمدی و محمد ابراهيم فتاحی، تهران، چاپ اول، ۱۳۷۷.

دەروازە: پاشایانی دەوڵەتی قاجاریی مافی ئەوەیان بە خۆیان دابوو جگە لە دەسەڵاتداریی ئێران، لە دامەزراندن و لادانی بەرپرسە فەرمییەکانی وەزیرەکانی کۆشکی پاشایەتیی و فەمانڕەوایی هەرێمەکان و سەرۆك هۆزەکان، هەروەها بانگەشەی بە موڵك کردنی هەموو موڵکەکانیشیان ئەکرد، هەروەك (لۆرد کیرزن) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (فارس و دۆزی فارسیی)، بەم شێوەیە ئاماژەی بە دەسەڵاتداریی پاشاکانی قاجار کردووە: پاشا بزوێنەری تەواویی ژیانیی گشتیی وڵاتە و هەر خۆیشی بە خاوەنی وەزیفە یاساییەکان و جێبەجێکارەکان و دادوەرکانی وڵات ئەناساند (Curzon, ۱۸۹۲: ۳۳)، بەڵام لە راستیدا هێزی پاشا سنووردار بووە و باڵادەستی هێزیشی لە پایتەخت دوور نەکەوتووەتەوە، بەڵکو ئەو باڵادەستییەی بەسەر ناوچەکانیی تری ئێران دا لە رێی هەماهەنگیی موڵکدار و سەرۆك هۆزەکان و رابەرە ئایینییەکان و بازرگانە گەورەکانەوە بووە، بەڵام زیاتر متمانەیان لەسەر خانەدانیی ناوچەکان بووە (Sheikoleslami, ۱۹۷۷: ۱۹۱- ۱۹۲; Amanat, ۱۹۹۷: ۱۹ - ۲۰).

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، سەرمایەدارانیی فەرەنسیی پێیان نایە ناو ئێرانیی سەردەمی حوکمڕانی قاجاریی، بەریتانیی و فەرەنسییەکان لە رێی دەزگای حکومییەوە دەستیان بەسەر هاوردەکردنی کەرەستە سرووشتییە بە بایەخەکاندا گرت، لە لایەکی ترەوە بە هۆی جیاوکی هێڵەکانیی گەیاندن و هاوشێوەکانیی، لە ساڵی ۱۸۹۲دا بەریتانیا قەرزێکیی دراوییدا بە ئێران، هاوکات زامنی ئەو قەرزەی لە رێی داهاتی رسومیی گومرگیەوە کرد (توریانتز، ۱۹٦۲: ٦۳). ئەوکارە وای لە حکومەتی ئێران کرد لە ساڵی ۱۹۰۰دا بڕی ۳۲ ملیۆن و نیو رۆبڵی لە رووسیا بە قەرز وەرگرت، بۆ زامنکردنی ئەو قەرزە بە هەمان شێوەی بەریتانیا، رووسیا دەستیی بەسەر رسوومە گومرگییەکانیی ناوچەکانیی باکووری ئێران دا گرت (توریانتز: ۱۹٦۲: ٦۳).

لە کۆتایی ساڵانیی سەدەی نۆزدەدا، بە هۆی خراپی بارودۆخی ئابووریی ئێران، بەشی زۆری هاوڵاتیانیی ناوچەکان، داوای دیموکراتیی و چاکسازی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی بەپەلەیان ئەکرد، بەڵام دەسەڵاتی پاشایەتیی قاجاریی گوێی لێ نەگرتن و هەوڵیدا سەرکوتیان بکەن، ئەوە بوو لە ساڵی ۱۸۹٦دا هەندێك نیشتمانپەروەر توانیان (ناصرەدین شا) تیرۆر بکەن (محمود، ۲۰۱۱: ۲۷). بۆ جارێکی تر و لە ساڵی ۱۹۰۲دا، رووسیا بڕی ۲۲ ملیۆن رۆبڵی بە سوودی لە ٥٪ بە قەرز دایە ئێران، ئەو کارە بووە هۆی نزیك بوونەوەی دەسەڵاتیی قاجاریی لە دەوڵەتی رووسیای تزاریی، بە هۆی ئەوەوە ئەو وڵاتە توانی بواری بازرگانیی و بازاڕیی لە باکووری ئێران بۆ خۆی قۆرخ بکات و هاوکات بە شێوەیەکی فەرمیی بەڕێوەبردنی گومرگیشیی کەوتە دەست (محمود، ۲۰۱۱: ۲۷).

دوای ئەوەی (موزەفەرەدین شا ۱۸۹٦ – ۱۹۰٦) چووە سەر تەختی پاشایی، بۆ بەڕێوەبردنی حوکمڕانیی هەرێمەکان،

ناوبـراو کوڕەکانیـی خـۆی کـردە فەرمانـڕەوای هەرێمـەکان، بـە مەبەسـتی هێنانـە ژێـر ركێفـی ئـەو هەرێمانـە بـۆ خـۆی، محەمـەدی کـوڕی کـردە جێنشـینی خـۆی لـە ناوچـەی ئازربیجـان و (شـوجاع ئەلدەولـە)ی کوڕەکـەی تـری کـردە حوکمڕانـی شـیراز، بـۆ ناوچـەی گەیـلان، (عـەزد ئەلدەولـە)ی کوڕیـی نـارد بـۆ ناوچەکانـی کوردسـتانیش (سـالار ئەلدەولـە)ی نـارد (السـبكي، ١٩٩٩: ١٧). وێـڕای بەرزبوونـەوەی هەژموونـی رووسـیا لـە ئێـران دا، بەریتانیـا پارێـزگاری زۆرینـەی بەرژەوەندیـی و جیاوکەکانیـی خـۆی کـرد، کـە پێشـتر جیاوکیـی هێڵـی ئاسـنینیی لە سـاڵی ١٨٧٢ی پـێ درا و لەگەڵیشـیدا جیاوکیـی بەڕێوەبردنـی گومرگـی باشووریشـی پـێ درا، ئـەم جیاوکانـە کـە لـە لایـەن شـای قاجـارەوە پـێ درا بـەردەوام بـوو (کوڤیـل، ٢٠٠٨: ٢٤).

بـە هـۆی قـۆرخ کردنـی ئـەم پێگـە ئابوورییـە هەسـتیارانە لـە لایـەن بەریتانیـا و رووسـیاوە، رۆژ لـە دوای رۆژ بارودۆخیـی ئابووریـی ئێـران لـە سـەروبەندی حوکمڕانـی (موزەفەرەدیـن شـا)دا رووی لـە دژواریـی ئەکـرد، لـە لایـەك سـەپاندنی بـاج و لـە لایەکـی تـر بەرزبونـەوەی نرخیـی شـتومەك و خـواردن و تەنانـەت کاڵا ناوخۆیـی و بەروبوومـە ناوخۆییەکانیـش.

بـە پێـی نـووسراوی نێردەیەکـی بەریتانیـی، بارودۆخـی ئێـران لـە سـاڵی ١٩٠٦دا گەیشـتە ئاسـتێکی دژوار، بـە هـۆی ئـەوەی دەسـەڵاتیی پاشـای وڵات بـە تـەواوی بەدەسـت کۆمەڵێـك گەندەڵـەوە بـوو، کـە لەسـەر حسـابیی حکومـەت خۆیـان ئەژیـان، ئـەوە بـوو کار گەیشـتە ئـەو رادەیـەی موزەفەرەدیـن شـا دەسـتی کـرد بـە فرۆشـتنی ئـەو سـامانەی کـە لـە باوکییـەوە بـۆی مابـووەوە، هەروەهـا فرۆشـتنی زۆربـەی زەوییەکانـی وڵات (Government, ١٩٠٩: ١)، هەروەهـا شۆڕشـی ١٩٠٥ی رووسـیا کاریگەریـی لەسـەر ئێـران درووسـت کردبـوو، ئـەوە بـوو لـەو ساڵەدا کار گەیشـتە ئـەوەی بارودۆخەکـە ئاڵۆزتـر بێـت، لـەو کاتانـەدا هێزیـی سـەرەکیی کاریگـەر لـە خوڵقاندنـی رووداوەکانـدا، بازرگانـە نیشـتمان پـەروەر و پیشـەوەر و پیاوانیـی ئاینیـی بـوون، کـە بوونـە داینەمـۆی ناڕەزایەتیـی دەربڕیـن بەرامبـەر بـە دەسـەڵات و هـاوکات یاخیـی بوونـی خۆشـیان راگەیانـد (IVANSPCTOT, ١٩٦٢: ٢٨ - ٣٢).

دەنگـە ناڕەزایەتییـەکان بەرەبـەرە قـووڵ ئەبوونـەوە و مکـووڕی خۆیـان لەسـەر داواکانیـان هێنـدەی تـر (شـا)یان هەراسـان کـرد، ئـەوە بـوو سـاڵی ١٩٠٦ بـە نێوەندگیریـی بەریتانیـا لـە نێـوان ئۆپۆزسـیۆن و دەسـەڵاتدا، شـا بـە ناچاریـی ملـی نـا و لـە تشریـنی یەکەمـی ئـەو ساڵەدا فەرمانیـدا بـە دامەزراندنیـی (کۆمەڵـەی نیشـتمانیی دەسـتووریی) و بڕیـاری هەڵبژاردنیشـیدا، لـە هەمـان کاتـدا بڕیـاری دەسـتوورێك درا کـە دەسـەڵاتی (شـا) دیـاری بکرێـت و ئازادیـی و دیموکراتیـی لەگـەڵ مافـە بنەڕەتییەکانـدا بـۆ گەلانـی ئێـران بەرقـەرار بکرێـت. سـەرباری ئەوانـە بڕیـاری ئـەوەش درا کـە نابێـت لـە دەسـتووردا سـەرپێچی یاسـا فەرمییەکانیـی فێربوونـی ئیسـلام بکرێـت (مانسـفیلد، ٢٠١١: ٢٢٤- ٢٢٥؛ السـبکی، ١٩٩٩: ٣٠).

دوای کۆچـی دوایـی (موزەفەرەدیـن شـا)، شـا (محەمـەد عەلـی) کـوڕی جێـی گرتـەوە، ئـەم دوژمنـی سەرسـەختیی دیموکراتیی بـوو، لـە سـەرەتادا دەسـتیکرد بـە دژایەتیـی کردنیـی پەرلەمـان و هەوڵـدان بـۆ لەباربردنـی ئـەو دەسـتکەوتانەی کـە گەلیـی ئێـران لـە تێکۆشـانیدا بـە دەسـتی هێنابـوون، کـە پێشـتر داواکانیـان خسـتبووە بـەردەم موزەفەرەدیـن شـا، محەمـەد عەلـی شـا بـەوە ناسرابـوو، بەکرێگیراویـی رووسـیاییە، کـە راوێژکارەکانـی رووسـیی بـوون و لـە پێـش هەموویانـەوە (شابشـال) بـوو، بـە پاڵپشـتی ئـەو وڵاتـە و بـە یارمەتـی دەرەبـەگ و هەندێـك لـە ناپاکـە کۆنەپەرسـتەکان، هـاوکاری (شـا)یان کـرد لـە سـەرکوتکردنی ئۆپۆزسـیۆن (لنشوفسـکی، ١٩٦٤: ٥٨).

رێککەوتنامـەی شـا لـە سـاڵی ١٩٠٧دا لەگـەڵ هەریـەك لـە بەریتانیـا و رووسـیا کـە ناسرابـوو بـە ئەنگلـو – رووسـیی، کاریگەرییەکـی نەرێنیـی هەبـوو لەسـەر پەیوەندیـی محەمـەد عەلـی شـا و گەلانی ئێران لە لایەك و لەسـەر سـەربەخۆبوونی ئێرانیـش لـە لایەکـی تـرەوە، ئـەم بارودۆخـە بـووە هـۆی دابڕانـی شـا و پەرلەمـان، هـۆکاری سـەرەکیی ئـەو تێکچوونـەی نێوان هـەردوولا، لـەوەدا خـۆی بینیـەوە، (شـا) دژایەتـی پەرلەمانـی ئەکـرد لەبەرئـەوەی پەرلەمـان رازی نەبـوو بـە فراوانکردنـی

سەرپشکردنی شا لەسەر حیسابی پەرلەمان، چونکە ئەو سەرپشکردنە ئەبووە هۆی داڕمانی دەستوور (Anonymous, ١٩٥٦: ٢٩١).

هاوکات میرزا محەمەد عەلی داوای لە پەرلەمان کرد هێزە تایبەتیەکەی زیاد بکرێت، بەڵام ئەندامانیی پەرلەمان داواکەیان رەت دایەوە، ئەو هۆکارانە وایانکرد، شا دەستبەجێ بڕیاری بڕینی تێلیگرافی نێوان تاران و شارەکان بدات و دواتریش بە ناوی شا-وە لەناو تاراندا بڵاوکراوەیەك بە ناوی (ڕێگای رزگاربوون) بڵاوکرایەوە، تیایدا ئاماژە بە تاوانبارکردنی پەرلەمان درابوو، لەبەرئەوەی کۆسپ ئەخاتە بەردەم کارەکانیی حکومەت و گوێ بە پێویستییەکانی گەل نادات (جعیتم، ١٩٩٦: ٩٩ - ١٠٠).

ململانێی نێوان هەردوو لایەنەکە رۆژ لە دوای رۆژ دژوارتر ئەبوو، هەریەکەیان ئەوی تری بە ئاڵۆزکردنی باردۆخی وڵات تاوانبار ئەکردو هاوڵاتیانی وڵاتەکەش بارودۆخێکی سیاسییی و ئابووریی سەختیان بەڕێ ئەکرد، بە مەبەستی تەشەنە نەسەندنی دژواریی بارودۆخەکە. ئەندامانی پەرلەمان رێك کەوتن لەسەر کۆنترۆڵ کردنیی قەیرانەکە، سەرەتا راگەیەندراوێکیان لە دژی راگەیاندنەکەی شا بڵاوکردەوە، دواتر خۆیان خزانە ناو مزگەوت و ئەو شوێنانەی تر بە مەبەستی نیشاندانی هەڵوێستیان وتاریی تیادا بڵاوبکەنەوە. بەو هۆیەوە ململانێ لە نێوان ئەمان و دەسەڵاتدا روویدا، لەو کاتانەدا هێزەکانی قۆزاق بە هەلیان زانی و دەستیاندایە تاڵان کردنی بازاڕەکان و سامانی خەڵکیی، بە بیانووی ئەوەی مووچەیان وەرنەگرتووە (Jaeger, ١٩١٦: ٢٤).

بارودۆخی شاری تاران بەرەو ئاڵۆزی ئەچوو، ئەوە بوو لە حوزەیرانی ١٩٠٨دا محەمەد عەلی شا ئەو پارەیەی لە بەردەستیدا بوو دابەشیکرد بەسەر ١٥٠٠ چەکدار بۆ پارێزگاریکردنیی سەربازگەی ئەو شارە، دەست بەجێ قەدەغەی هاتووچۆی راگەیاند و (لیا خوف)ی ئەفسەریی سوپای رووسیی کردە حوکمڕانی سەربازی شارەکە، لە دوای ئەو بڕیارەوە قەدەغەی دەرکردنی رۆژنامە و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتیی یەکانی راگرت، هەروەها فەرمانی دەستگیرکردنی ئەندام پەرلەمانە سەرەکییەکانیدا و بە دوایدا فەرمانی هێرشکردنە سەر بینای پەرلەمانی دەرکرد و دواتر نزیکەی ٢٥٠ کوژراوی لێ کەوتەوە (Legation, ١٩٠٨: ١).

ئەو سەرکەوتنەی محەمەد عەلی شاو لایەنگرانی بەسەر دەستووریی خوازەکاندا، کە زۆرینەیان ئەندامانی حزبی دیموکراتیی و حزبی عەدالەت بوون جگە لە کوشتاری زۆر لە نەیارانی دەسەڵات کە لە نێویاندا چەندین سەرکردەی تیادا بوو، لەوانە جەمالەدین ئەسفەهانیی، محەمەد رەزا شیرازیی خاوەن رۆژنامەی یەکسانیی، هەروەها زیندانیکردنی چەند سەرکردەیەك لەوانە سلێمان میرزا و دەربازبوونی چەند سەرکردەیەکی جووڵانەوەی دەستووری لەوانە محەمەد تەقی حەسەن بسیان، دوای رووداوەکە بە فەرمانی شا پەرلەمان هەڵوەشایەوە (شوستر، ١٣١٥: ٤٠).

لە پێش کۆتایی هاتنی جووڵانەوەکەی محەمەد حەسەن تەقی بسیان لە ساڵی ١٩٠٨، موڵکداری گەورە و پیاوانیی ئایینی پانتاییەکی زۆریان لە زەوی خۆراسان بەدەستەوە بوو، جووتیارانیش کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەوێیان پێك ئەهێناو هاوکات رێژەیەکی زۆری سەرباز لە جووتیارەکان بوون، ئەو جووتیارانەی خۆراسان چالاکیی لەبەرچاویان لە جووڵانەوەکەی ناوبراو پێکهێنا و تەنانەت کاری سوخرەیی و رادەستکردنی باج و سەرانەی دەرەبەگەکانیان رەت کردەوە، جاری وا هەبوو کار دەگەیشتە ئەوەی کە دەستیان بەسەر زەویی و گەنجینەی دانەوێڵەی ئەو دەربەگانەشدا ئەگرت (صابر، ٢٠١٣: ٥٣).

لە ئەنجامی ئەوەدا دەرئەکەوێت هەرچەندە لە جووڵانەوەکەی خۆراساندا، جووتیاران بەشداربووی کارامە بوون، بەڵام هێشتا موڵکدارە گەورەکان و پیاوانی ئایینیی، خاوەن پانتاییەکیی زۆری زەوییەکان بوون، یەکێك لە هۆکارەکانی تری

نوشوستی هێنانی ئەو جووڵانەوەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کاتێك حکومەت پەی بە فراوانبوونیی جووڵانەوەکە برد، هەروەك سیاسەتەکانی پێشتریی پەنای بردە بەر شێوازە باوەکە ئەویش هاندانی خێڵێك یاخود چەند خێڵێك لە دژی جووڵانەوەیەك کە ئەهاتە ئاراوە، بۆ ئەو مەبەستە حکومەتی قاجاریی خێڵی (قوچان)ی کوردیی بە گژ جووڵانەوەکەی محەمەد تەقی بسیاندا کرد و دواجار ناوبراو بە دەستی کوردەکان لەناوچوو، بە دوایدا دەسەڵات و حکومەتەکەی قەوام ئەلسەڵتەنە گەڕایەوە ناوچەی خۆراسان. (صابر، ٢٠١٣: ٦١- ٦٢؛ عاقلی، ١٣٧٧: ٦١).

سیاسەت و دژایەتییەکانی شا تەنها بە هەڵوەشانەوەی پەرلەمان نەوەستا، بەڵکو بە فەرمانێك جووڵانەوەیی دەستووریی بەوە تاوانبار کرد کە پێچەوانەی شەریعەتیی ئیسلامە، لە بەرپەرچدانەوەی ئەو فەرمانەدا، لە ناوچەی ئازربیجان بە خێرایی لەنێو جەماوەرەکەیدا دوو سەرکردەی شۆڕشگێڕ بە ناوەکانی ستار خان و باقی خان دەرکەوتن و لە هەمان کاتدا کۆمەڵەیەکیی سیاسییان بە ناوی (ئەنجومەنی تەبریز) دامەزراند و (شا)یان بە ناپاکیی وڵات تاوانبار کرد (رازی، ١٣٧٨: ٥٢١).

لەبەرئەوەی ستارخان بازرگان بوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نزیکەکانی هەبوو، ئەوە بوو لە ماوەیەکی کەمدا هێزێکیی گەورەی پێکەوە ناو نازناوی (سەردار ملی)یشیان پێدا، ئەم جووڵانەوەیە داوای گەڕانەوەی دەستووریان کرد و بە خێرایی کاریگەریی لەسەر ناوچەکانیی تری ئێران دروست کرد، لە هەمان کاتدا بوو بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر تەختی پاشایەتیی، محەمەد عەلی شا بۆ دامرکاندنەوەی ئەم جووڵانەوەیە، هێزێکی گەورەی ناردە سەر تەبریز بۆ ماوەیەکی زۆر گەمارۆی خستە سەر کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی برسییەتیی و لە کرد ژمارەیەکی زۆر گیانیان لەدەستدا (هروی، ١٩٥٣: ٢٢٢- ٢٢٤)، بەڵام سەرکردەی سوپا (عەینولدەولە) کشایەوە، شا بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە پەنای بردە بەر رووسیا، سوپای ئەم وڵاتە بەرەو تەبریز کشاو هەردوو سەرکردەی جووڵانەوەکە فەرمانیاندا بەرەنگاری ئەو سوپایە نەکەن بۆ ئەوەی زیان بە خەڵکەکە نەگات، دوای چوونە ناوەوەی ئەو سوپایە، دەستیاندایە داژیەتیکردنی خەڵکەکەی (کسروی، ١٣٤٦: ٩٠٥).

بەردەوام خێڵەکان لە سەروبەندی حوکمڕانیی دەوڵەتیی قاجارییدا لە کاتی شەڕدا کەم و کورتییەکانی سوپایان پڕئەکردەوە لەبەرئەوەی سوپا لەسەر بنەمایەکی نوێ دانەڕێژرابوو، لە لایەکی ترەوە لە روانگەی دەوڵەتەوە خێڵەکان گرنگیەکیی زۆریان هەبوو بە تایبەتی ئەو خێڵانەی لە ناوچە سنورییەکاندا نیشتەجێ بوون بە هۆی ئەوەی سنوری وڵاتیان دەپاراست، لە سەروبەندی شۆڕشی مەشروتە و لەو کاتانەش کە وڵات لە دۆخێکی بێ سەروبەری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی دا تێ ئەپەڕی، شوێنی هەندێك لە خێڵەکانی وەك بەختیاریی، قەشقایی و زیاتر خێڵە کوردییەکانی ناوچەی کرماشان و عەرەبەکان، ناوچەکانی باکووری رۆژئاواو باشووری وڵات، ببوونە سەنتەری بزووتنەوەی جوداخوازەکان، هەندێك لەوانە پەیوەندی پتەویان لەگەڵ بیانیەکان گرێ دا (بورزوویی، ٢٠٠٥، ٣٠٤).

## تەوەرەی یەکەم: رۆڵی موڵکدار و خێڵەکان لە رووداوە سیاسییەکانی ئێران ١٩١٤- ١٩٢٠

بە هۆی ناڕەزایی جەماوەریی ئێران بە گشتیی و تاران بە تایبەتی، محەمەد عەلی شا لە تەمموزی ١٩١٠ ناچار بوو واز لە دەسەڵات بهێنن و خۆی خزاندە بینای نێردە رووسییەکان، لە دوای گفتوگۆکردنی لەگەڵ نەیارانی کە لە دەرەبەگ و موڵکدار پێکهاتبوو لەوانە سوبهدار و یەبریم خان و سەردار ئەسعەدی هۆزی بەختیاری، محەمەد عەلی پاشا وازی لە دەسەڵات هێنا بەو مەرجەی رێگای پێبدرێت بچێتە دەرەوەی وڵات و موچەیەکی بۆ ببڕدرێتەوە، دواتر ئەنجومەنی دامەزراندن کە ٥٠٠ ئەندام بوو پێکهات و ئەحمەد شا لە جێگەی باوکی دانرا کە ١٢ ساڵان بوو، بەڵام

بـە شـێوەیەکی کاتیـی (خانـی قاجاریـی) چـووە سـەر تەختیـی پاشـایی (Amir, ١٩٤٨, ١٩٥٠: ٢-١٠).

لـە دوای چوونـە سـەرتەختیی دەسـەڵات، ئەحمـەد شـای قاجـار فەرمانیـدا بـە کردنـەوەی پەرلەمـان و بەردەوامیـدان بـە کارەکانیـی، لـە هەمـان کاتـدا ئەوەشـی ڕاگەیانـد، ئێـران وڵاتێکـی بێلایـەن ئەبێـت لـەو جەنگـەی کـە ڕوویـداوە (جەنگـی یەکەمـی جیهانـی)، بـەڵام ئـەم بێلایەنیـەی ئێـران لـە لایـەن وڵاتانـی زلهێـزی بەشـداربووی جەنگەکـە ڕێـزی لـێ نەگیـرا لەوانـە ڕووسـیا و بەریتانیـا، سـەرەتا ڕووسـیا دەسـەڵاتدارانیی ئێرانیـی تاوانبـار کـرد لەبەرئـەوەی هـاوکاری ئەڵمانیایـان ئەکـرد، بەریتانیـاش لـە ئێـران دا مایـەوە لەبەرئـەوەی نـەی ئەویسـت بەرژەوەندییەکانـی بکەوێتـە مەترسـییەوە (السـبکی، ١٩٩٩: ٣٧).

لەگـەڵ ئەوانەشـدا ئێـران ببـووە شـوێنێك کـە ڕکابەرانـی جەنگەکـە ئەیانویسـت دەسـتیی بەسـەردا بگـرن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هەریـەك لـە زلهێزەکانـی ڕووسـیا و بەریتانیـا و ئەڵمانیـا لـە ڕێـی لایەنگرەکانیانـەوە لـە ئێـران دا، دەسـتیان وەردایـە نـاو کاروبـاری ئـەو وڵاتـەوە و بـە ئاشـکرا لـە نێـو خێڵەکانیـی باکـووری ڕۆژئـاوای ئێـران کـە ناوچـە کوردییـەکان ئەگرێتـەوە، بـە شـێوەیەکی دبلۆماسـی خۆیـان نزیـك ئەکـردەوە لێیـان و هاوسـۆزی ئایینـی موسـڵمانییان بـۆ خزمەتـی پلانەکانیـان بەکارئەهێنا (احمـد، ١٩٨٢: ٨).

ئـەو سـێ زلهێـزە لـە سـاڵانی جەنگیـی یەکەمـی جیهانیـدا، هەریەکەیـان بـە شـێوەیەکی تایبـەت بـە خـۆی، هەوڵـی داوە بێزرایـی کـورد بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی بقۆزێتـەوە، هەریەکـە لـە هەواڵگرانـی ئەڵمانیـا (شـیوتمان) و (زوگلمایـر)، چالاکـی فراوانیـان لەنـاو کوردەکانـی ئێـران کـرد و لـەو لایەنـەوە سـەرکەوتنی بەرچاویـان بەدەسـت هێنـا، هـۆکاری ئـەو یارمەتیدانـە مەزهەبیـی بـوو لەبەرئـەوەی زۆرینـەی کوردەکانـی ئـەو وڵاتـە سـوننیی بـوون لـە بەرامبـەر موسـڵمانانی تـری وڵاتەکـە کـە شـیعیی بـوون، هەروەهـا کـوردەکان لایەنگـری دەوڵەتـی عوسمانیشـیان کـردووە (ئەحمـەد، ٢٠٠٤: ٣٢). لـەو کردەوانـەی ئەڵمانییـەکان ئەنجامیانـدا بـۆ ڕاکێشـانی کـورد بـەلای خۆیانـدا لـە کاتـی جەنگـی یەکەمـدا، هەوڵیانـدا بەیاننامـەی داخوازیانی کۆمەڵـەی ئیسـلام و هەمـوو چاپەمەنییەکانـی تریـان لەسـەرتاپای کوردسـتانیی ئێـران بڵاوبکەنـەوە (ئەحمـەد، ١٩٧٥: ١٢).

لەوکاتانـەدا ڕوسـەکان مەترسـیی چالاکـی ئەڵمانییەکانیـان لەنـاو خێڵەکانـی ئێـران دا بـە کوردیشـەوە لـە لا دروسـت ببـوو، وەك ئـەوەی ڕووسـەکان سوسـەی چالاکییەکانیـی (شـیوتنمان)یان بـە شـێوەیەکی تایبەتـی ئەکـرد و بـە هـۆی بەرپرسـە ئێرانییـەکان و سـەرەك خێڵەکانـی لایەنگریـان هەوڵیانـدا فشـار بخەنـە سـەر ناوبـراو بەرلـەوەی ئاگـری شـەڕ هـەڵ بگیرسـێت (ئەحمـەد، ١٩٧٥: ٣٣).

لـە سـەروبەندی جەنگیـی یەکەمـی جیهانیـدا، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا کـە پشـتگیریی وڵاتانـی هاوپەیمانـی کـرد لە دژی ئەڵمانیـا و هـاوکات لایەنگـری ئێرانـی کـرد لەبەرئـەوەی بەشـداری جەنگەکـەی نەکردبـوو، بـەڵام ئـەو کارەی هەنگاوێـك بـوو بـۆ ئـەوەی ڕۆڵـی خـۆی لـە ئێـران دا بگێڕێـت لـە بـری ئـەوەی خـۆی لـە موڵکـدار و سـەرۆك هـۆزەکان نزیـك بکاتـەوە، لـە ڕێـی کونسـوڵی خۆیـەوە لـە شـاری ورمـێ خـۆی لـە مەسـیحییەکانی ئـەو ناوچەیـە نزیـك کـردەوە و دەسـتیی کـرد بـە پرچـەك کردنیـان، هەرچەنـدە حکومەتیـی قاجاریـی لـە دژی ئـەو کارەی ئەمریـکا بـوو، لەبەرئـەوەی بـە دەسـت وەردانـی دائەنـا، بـەڵام نەیتوانـی بەرپەرچدانەوەیەکـی کاریگـەر دروسـت بـکات (Grabrill, ١٩٧١: ١٤٢؛ Denovo, ١٩٦٣: ٢٧٣).

لـە دوای کردنـەوەی پەرلەمـان لـە سـاڵی ١٩١٤دا، هەندێـك لـە ئەندامانـی پەرلەمـان لەگـەڵ چەنـد وەزیرێـك دا و بـە هەماهەنگیـی باڵیـۆزی تورکیـا و ئەڵمانیـا بـەرەو شـاری (قـوم) ڕۆیشـتن، بـە دوای ئـەوەدا لـەو شـارە حکومەتێکیـان بـە نـاوی (حکومەتـی نیشـتمانی کاتیـی) ڕاگەیانـد، پێشـتر لایەنگرانـی ئەڵمانیـا و تورکیـا، ڕێکخراوێکیـان بـە نـاوی (ژیانـەوەی گـەل) و ڕێکخراوێکـی تریشـیان بـە نـاوی (ڕێکخـراوی بەرگریـی لـە سـەربەخۆیی ئێران)یـان ڕاگەیانـد بـوو، موڵکـدار و هەندێـك

لـە خێڵـەکان لـە پشـت ئـەو جووڵانەوەیـە بـوون کـە لایەنگـری ئەڵمانیایـان ئەکـرد و دروشـمیی ئایینیـی ئیسـلامیان لـە دژی رووس و بەریتانیـەکان بەکارئەهێنـا (محمـود، ٢٠١١: ٤١).

لـەو سـەروبەندانەدا و بـە هـۆی دەسـت وەردانـە بیانییـەکان وەك ئـەوەی هێزێکـی رووسـیی هێرشـی کـردە سـەر حکومەتیـی نیشـتمانیی کاتـی و رووخانـدی، لـە ئەنجامـی ئـەوەدا ئـەو بیانیانـە رووبـەڕووی خێـڵ و ئۆپۆزسـیۆن ئەبوونـەوە، ئـەوە بـوو بەریتانییـەکان لەژێـر سـەرکردەی سـەربازیی (دنسـتەرفیل)دا، رووبـەڕووی هەندێـك خێـڵ بوونـەوە، لـە دیارترینیـان، یاخیبوونـی خێڵـی (قەشـقایی) لـە باشـووری ئێـران و هـاوکات ئۆپۆزسـیۆنیی نیشـتمانیی لـە چەندیـن شـوێندا لـە دژی داگیـرکاری بیانـی راپەڕیـن، لەوانـە شۆڕشـی جەنگـەڵ، کـە بـە یەکێـك لـە گرنگتریـن جووڵانـەوەکان دائەنرێـت، لەبەرئـەوەی تـێ ئەکۆشـا لـە دژی دەسـەڵاتی ناوەنـد و داگیرکاریـی لـە سـەروبەندیی جەنگیـی یەکەمـدا (Oberling, ١٩٧٤: ١٤٦).

بـە هـۆی ئـەو سـامانەی لـە ناوچـەی گەیلانـی رۆژهەڵاتـدا هەبـوو، هەروەهـا پێگـە بازرگانییەکەشـی ببوونـە هۆکارێـك کـە چینیـی ناوەنـد لەوێـدا ببێتـە خـاوەن پێگەیەکـی ئابووریـی و سیاسـیی، کـە بـووە هۆکارێـك بـۆ ئـەوەی رووناکبیـر و پیشـەوەر و جوتیـار و کرێکاریـی زەویـە کشـتوکاڵییەکان، بەرنامـە شۆڕشـگێڕییەکەیان دابڕێـژن و سـنورێك بـۆ هەژموونیـی دەرەبەگیـی سیاسـیی و گرتنەبـەری هەندێـك چاکسـازی لـە دەسـەڵاتی حکومـەت و کۆمەڵگـەدا دابنێـن (Cottam, ١٩٦٤: ١٠٢ - ١٠٣).

جووڵانـەوە بەرەنگارییـە دروسـتەکان کـە لـە لایـەن میـرزا کوچـك خـان لـە ناوچـەی گەیلانـی باکـووری رۆژهـەڵات ئەبـرا بەڕێـوە، تاکـە جووڵانەوەیـەك بـوو بـۆ رووخانـی جووڵانـەوەی دەسـتووریی، لەبەرئـەوەی ئـەم جووڵانەوەیـە زیاتـر لـە گوندەکانـدا بـوو کـە لـە لایـەن جوتیـار و دەرەبەگـە گـەورەکان و بـژاردە سیاسـییەکانی پایتەخـت کـە لایەنگـری بیانیـەکان بـوو پشـتگیری لـێ ئەکـرا، بـەڵام جووڵانەوەکـەی میـرزا کوچـك خـان دروشـمی لامەرکەزیـی بەرزکردبـووەوە، کـە پێچەوانـەی جووڵانـەوەی دەسـتورییەکان بـوو کـە دروشـمی ناوەندییـان بەرزکردبـووەوە (کوڤیـل، ٢٠٠٨، ٣١).

لـە سـەرەتاکانی جووڵانەوەکـەی کوچـك خانـدا، چەنـد کەلێنێـك لە دروشـمی پەیـڕەو و پرۆگرامیـی جووڵانەوەکـەدا دەرکەوت، لەبەرئـەوەی هەندێـك لـە دروشـمەکان پێچەوانـەی بۆچـوون و هزریـی سـەرکردەکەی بـوو، کوچـك خـان و نەتەوەییـەکان بـە شـێوەیەکی تونـد و تیژانـە لـە دژی گروپـی ئیحسـانوڵڵا و خاڵـۆ قوربـان ئەجووڵانـەوە لـە رووی دەسـت بەسـەراگرتنیی زەویـی و زەوتکردنـی دام و دەزگا بازرگانییـەکان و زیادکردنـی بـاج لەسـەر دانیشـتوانی شـارەکان و پیشـەوەران و بازرگانانـی بچـووك، هەروەهـا قەدەغەکردنـی بازرگانیـی کردنـی تایبـەت و بانگەشـەی لابردنـی باڵاپۆشـیی ژنـان و هەراسـان کردنـی پیاوانیـی ئایینیـی، هەمـوو ئـەو کردەوانـە بوونـە جێـی نارەزایـی نوێنەرانیـی بـۆرژوازی موڵکدارانـی بچـووك و دەرەبەگـەکان، بـەو هۆیـەوە ئەندامـە موحافیـزکارەکان و مـام ناوەنـدەکان لـەو جووڵانەوەیـە دوورکەوتنـەوە (صابـر، ٢٠١٣: ٤٤).

دوای جیابوونـەوەی ئیحسـانوڵڵا و خاڵـۆ قوربـان لـە کوچـك خـان، دەسـتیاندایە گرتـن و راوەدوونانـی لایەنگرانیـی کوچـك خان لـە شـاری رەشـت و دەوروبـەری و دواتـر حکومەتێکـی نوێیـان لـەو ناوچەیـە پێکهێنـا، بـەڵام پـاش روخانـی ئـەو حکومەتـە لـە لایـەن هێزەکانیـی قـۆزاق، ئیحسـانوڵڵا لەگـەڵ دەرەبەگەکانـدا رێـك کەوتنێکیـان لـە دژی دەسـەڵاتەکەی کوچکەخـان پێکهێنـا، ئـەم کارەی ناوبـراو بـووە هـۆی زیـان گەیانـدن بـەو جووڵانـەوە شۆڕشـگێڕیەی کـە لـە ناوچـەی گەیلانـی باکووری رۆژهـەڵات لـە دژی دەسـەڵاتیی قاجاریـی هاتبـووە ئـاراوە (محمـد، ١٩٧٢: ٤١).

لـە سـاڵی ١٩١٥دا لـە کاتـی جووڵانەوەکەیـدا، کوچـك خـان، چـاوی بـە هەندێـك لـە لاوانـی نیشـتمانپەروەر کـەوت کـە ئامانجیـان چاکسـازیی وڵات و رزگارکردنـی بـوو لـەو پشـێویەی کـە تیایدایـە، ناوبـراو و ئـەو لاوانـە لەسـەر بەرنامـەی چاکسـازیی رێـك کەوتـن، کـە بانگەشـەیەکی تیابـوو بـۆ سـەربەخۆیی تـەواوی وڵات و دەسـتکردن بـە چاکسـازیی کۆمەڵایەتیی

و دابەشـکردنی زەوی بەسـەر جوتیـار و چەوسـاوەکاندا، ئەوانـەی بـەرەو رووی ئـەم بەرنامەیـە بوونـەوە، بیانییـەکان بـوون کـە بەرژەوەنـدی زۆریـان لـە ئێـران دا هەبـوو، هەروەهـا گـەورە موڵکـدار و سـەرۆك خێڵەکانیـش لـە دژی ئـەو بەرنامەیـە وەسـتانەوە (Sykes, ١٩٦٩: ٤٩٠).

هەرچەنـدە ئـەم شۆڕشـە لـە هەوڵـی بەردەوامـدا بـوو کـە ئێرانێکـی دیموکراتـی بەرقـەرار بـکات، بـەڵام وڵاتانـی زلهێزیـی وەك بەریتانیـا و لایەنگرانیـی دەسـەڵاتداریی شـای قاجـار و کەمتەرخەمـی دەسـەڵاتیی بەلشـەفیك لـە رووسـیای سـۆڤێتیی، ئـەم جووڵانەوەیـە نەیتوانـی ئامانجەکانـی دەسـتەبەر بـکات، سـەرەڕای ئـەوە هۆکارێکـی تـر هەڵـەی کوچـك خـان بـوو لـە سـاڵانیی کۆتایـی دەسـەڵاتیی قاجارییەکانـدا ئـەوە بـوو لەگـەڵ شـا دا گفتوگـۆی کـرد و دواتـر گفتـی بـە قـەوام ئەلسـەڵتەنەدا کـە شۆڕشـەکە یەکلابکاتـەوە و نەیهێڵێـت، ئـەم کارەی ناوبـراو بـە هـۆی ململانێـی نێـوان شۆڕشـەکە بـوو، هـەر ئـەو ناکۆکییانـە بوونـە هۆیەکـی تـری توانـەوەی شۆڕشـەکە و دواجاریـش بـە کۆچـی دوایـی کردنـی ناوبـراو لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٢١، شۆڕشـەکە بـەرەو پووکانـەوە هەنگاوینـا (محمـود، ٢٠١١، ٦٤ – ٦٥). بـەو هۆیـەوە نەتوانـرا گۆڕانکارییەکیـی ئەوتـۆ ئەنجـام بدرێـت و وڵات لـەو بارودۆخـە دژوارە دەربـاز بکرێـت.

لـە دوای رێککەوتننامـەی ئێرانـی – بەریتانـی لـە سـاڵی ١٩١٩دا، جیاوکێکیـی زۆر لـە بەرژەوەنـدی بەریتانیـادا شـکایەوە و لەولاشـەوە زۆرینـەی خەڵکـی ئێـران لـە دۆخێکـی ئابووریـی دژواردا ژیانیـان بەسـەر ئەبـرد، هـەر لـەو سـاڵەدا شـەپۆلێکیی تـری جەمـاوەر لـە ناوچـەی خۆراسـان دەنگـی ناڕەزاییـان بەرزکـردەوە، یەکێـك لـە داواکاری جەماوەرەکـە لـە کارلادانـی وەزارەتەکـەی (وسـوق ئەلدەولـە) بـوو لەبەرئـەوەی رێککەوتننامـەی لەگـەڵ بەریتانیـادا کـردووە، جەماوەرەکـە داوایـان کـرد کـە وەزارەت بدرێـت بـە (موشـیر ئەلدەولـە). لـەو کاتانـەدا دەسـەڵات هەوڵیـدا نیشـتمانپەروەرەکانی نـاو سـوپا، کـە لەنێـو خەڵکیـدا کاریگەرییـان هەبـوو رازی بـکات لـە نێویانـدا (کۆڵۆنێـڵ محەمـەد تەقـی خـان بسـیان) کـە یەکێـك بـوو لـە ئەندامـە چالاکەکانیـی حزبـی دیموکراتیـی، ئـەم بـەوە ناسرابـوو، کـە دژی هەژموونـی بیانـی بـوو لـە وڵاتـدا، هەروەهـا دژایەتـی گەندەڵـی ئەکـرد، دواجـار ناوبـراو (لیژنـەی نیشـتمانیی) پێکهێنـا بـۆ بەرگریکـردن لـە خۆپیشـاندەران و سـەرکردەکان و بەڕێوەبردنیـی کاروبـاری ناوچەکـەش بگرێتـە دەسـت (الجـاف، ٢٠٠٨: ١١١ - ١١٣).

لـە هەمـان کاتـدا ناوبـراو لەسـەر ئـەوە پێـی داگـرت کـە زۆرتریـن کەسـانی نیشـتمانپەروەر لـەو لیژنەیـەدا بـن، ئـەو خۆپیشـاندەرانە بـەرەو پێـش چوونێکـی زۆریـان بەدەسـتهێنا لەوانـە؛ گەڕانـەوەی ئارامیـی بـۆ ناوچەکـە، هەوڵـدان بـۆ دژایەتیکـردن بـۆ گەندەڵـی راوێـژکارەکان لـە یەکـە ئیدارییەکانـی حکومەتـدا، هەروەهـا لێدانـی جـەردە و رێگـرەکان، بـەڵام ئـەم چاکسـازییانە دوژمنێکـی زۆری لـە لایـەن فەرمانـڕەوا کۆنەپەرسـت و فەرمانبـەرە گەنـدەڵ و دەرەبەگـی گـەورە و سـەرۆك هـۆزە جێبەجێـکارەکان لـە دژی جووڵانەوەکـە دروسـتکرد، لـەو ئیجرائاتانـەدا ئـەوە دەرئەکەوێـت کـە خـاوەن موڵکـەکان لایەنگـری دەوڵـەت بـوون، ئـەو دەوڵەتـەی کـە زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی لـە بارودۆخێکیـی ئابووریـی سـەختدا ئەژیـان (الجـاف، ٢٠٠٨: ١١١ - ١١١٣).

سـاڵی ١٩٢٠ ئێـران بـە دەوڵەتێکـی بـێ سـەروبەرە دائەنـرا، لەبەرئـەوەی بوونـی وەزارەتـەکان لـە دەرەوەی پایەتەخـت سـنووردار بـوو، حکومـەت توانـای جووڵـەی نەبـوو نـەك تەنهـا لەبـەر ململانێـی نێـوان گروپـە بـاوەکان و حزبـە سیاسـییە نوێیـەکان، بەڵکـو بـە هـۆی رێکەوتننامـەی ئەنگلـۆ – فارسـی، تەنانـەت هەرێمـەکان هەندێکیـان لەژێـر دەسـتی سـەرکردە سـەربازییەکان و چەکـدارە یاخییەکانـدا بـوون ئەمـە لـە لایـەك، لـە لایەکـی تـرەوە سـوپای سـووریی سـۆڤیەت بەشـێکی باکووری ئێرانیـی داگیـر کردبـوو، بەریتانیـاش بەشـێکی باشـووری لەژێـر دەسـتدا بـوو (ابراهیمیـان، ٢٠١٤: ٩٣ - ٩٤). ئـەو هۆکارانـە وایـان کـرد موڵکدارەکان هەسـت بـە بـێ دەسـەڵاتییەك بکـەن، لەبەرئـەوە بـە دوای کەسـێکیی چالاکـدا ئەگـەڕان

ئەگەر لە ڕێی بەکارهێنانی مامەڵەی توندیشەوە بێت، وڵات لە ئاژاوە و مەترسیی بەلشەفیی ڕزگار بکات (ابراهیمیان، ٢٠١٤: ٩٤).

## تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی موڵکدار و خێڵەکان لە ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران ١٩٢١ – ١٩٢٥

بە هۆی سەرنەکەوتنی سیاسەتی دەوڵەتیی قاجاریی لە ماوەی دوو ساڵی دوای ڕێککەوتننامەی دەوڵەتی قاجاریی لەگەڵ بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٩دا، هەروەها ڕازی نەبوونی پەرلەمان بە پشتگیریکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیە، بۆ هاوڵاتیان دەرکەوت کە دەسەڵات لاوازەو پێویستی بە سەرکردەیەکی سیاسیی هەیە بتوانێت بارودۆخی وڵات ڕاگرێت، ئەو دۆخە بووە هۆی ئەوەی ڕەزاخان بە هاوکاری هەندێك هێزی ناوخۆیی و دەرەکی، لە ٢١ی شوباتی ١٩٢١دا کودەتایەکی سەرکەوتوو بەسەر دەسەڵاتی پاشایەتیی قاجارییدا بکات (السبکي، ١٩٩٩: ٥٠؛ بروکلمان، ١٩٧١: ٧٩٢).

حکومەتەکەی ڕەزا خان بە پێچەوانەی حکومەتیی قاجاریی لەسەر دوو بنەمای سوپا و بیرۆکراسیی دامەزرا، لە لایەنی ئیدارییەوە کەسانی نوێگەری خوازی نیمچە بێ لایەن و نووسەر و خانەدانەکان ئەوانەی پلەو پایەیان لەنێو ئیدارەی حکومەتدا هەبووە ئەیخستنە ناو بواری ئیدارییەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا کەسانی بیانیی بۆ شوێنی گرنگ دائەنا، بۆ نموونە (ئارسەر میلسبو)ی ئەمریکیی کردە بەرپرسی گەنجینەی وڵات، حاکمی هەرێمەکان نیمچە سەربەخۆ نەبوون وەك ئەوەی لە سەردەمی دەوڵەتی قاجارییدا هەبوو، بەڵام لە سەردەمی ڕەزا شادا لە سەرباز و کارمەندی مەدەنی پێکهاتبوون کە متمانەی تەواویان لەسەر حکومەتیی ناوەند هەبوو (Millspaugh, ١٩٢٥: ٢٣). ئەمەش واتای ئەوە ئەگەیەنێت کە دەسەڵاتی موڵکداریی گەورە و سەرۆك خێڵەکانیی کەم کردەوە.

خودی ڕەزا خان بایەخی زۆری بە موڵکی زەوی دا، بۆ ئەو مەبەستە فشاری ئەخستە سەر خێزانیی موڵکدار و خانەدانەکان کە زەوییەکانیان بە هەرزان پێ بفرۆشن و تەنانەت مامەڵەی تۆقاندنی بۆ ئەو کارە بەکارئەهێنا، ئەوانەی ناڕازی بوون زەوییەکانیان بفرۆشن یان ئەوەتا دووری ئەخستنەوە بۆ دەرەوەی وڵات یاخود زیندانیی ئەکردن لەوانە (ئەحمەد قەوامی) بۆ ئەوروپای دوورخستەوە (ابراهیمیان، ١٣٧٧: ١٨٧؛ غنی، ١٣٧٧: ٤١٤).

پاش ئەوەی ناوبراو لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣دا دەسەڵاتی تەواوی گرتە دەست و خۆی وەك سەرۆك وەزیرانی وڵات ناساند، سەرەتا دەستیدایە دەستگیرکردن و ڕاوەدونانی نەیارانی سیاسیی دژ بە خۆیی و هەروەها سیاسەتی پیادەکردنی سەردانەواندنیی سەرۆك خێڵەکان و تێکشکانی هێزو پێگەیان لەگەڵ ئەوانەشدا دەستی بەسەر هەژموونی دەرەبەگەکانیشدا گرت (محمد، ١٩٨٦: ١٦٧).

پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردن لە ئێران دا، ڕەزاخان بۆ بژاردەکردنی لایەنگرانی خۆی لە هەڵبژاردنیی نوێی پەرلەماندا، هەنگاویی ڕێ لێ گرتن و هەڕەشەکردن و دوورخستنەوەی کەسایەتییە سیاسییە نەیارەکانیدا و هاوکات بە شێوەیەکی نهێنیی فەرمانیی بە سوپاشدا بە ترساندنی خۆکاندیدکراوانیی نەیارانیی لەنێو خێڵەکاندا، لە هەمان کاتدا ئەوەشی خستبووەڕوو، ئەگەر کۆچەرەییەکان دەنگ نەدەن بە لایەنگرانیی ڕەزا خان، ئەوا ڕێگای گەڕانەوەیان نادات بۆ ناوچەکانیان (السبکي، ١٩٩٩: ٦٣).

هەرچەندە (حزب تجدود) لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٤دا زۆرینەی کورسیەکانی بەدەستهێنا لە چاو حزبیی سۆسیالستیی کە لایەنگری ڕەزاخان بوون، لەو لاشەوە کوتلەی نەیارانی ڕەزاخان تەنها ١٤ کورسیان بەدەست خست، ناوبراو بە شێوەیەکی تاکتیکیی ڕایگەیاند کە ناتوانێ دەسەڵاتی قاجاریی لە دەسەڵات لابدات و حکومەتیی کۆماریی دابمەزرێنێت، بەڵام بە هۆی پشتگیری کردنی حزبیی سۆسیالیستیی لە حزبی تجدود و زۆرینەری سوپا، دوای چوونی شاندێك بۆ لای

ڕەزاخـان لـە (رودهـان)، ناوبـراو رازیبـوو بـە گەڕانـەوەی بـەو مەرجـەی گـەل پشـتگیری هەنگاوەکانـی بکـەن لـە چاکسـازیی و نەهێشـتنیی چەرمەسـەریی هاوڵاتیـان، دواتـرو هـەر لـەو سـاڵەدا، ڕەزاخـان بـە پشـتگیری سـوپا و بەریتانیـا و سـەرۆکی خێڵـی بەختیـاری، حکومەتـی پێکهێنـا (السـبکي، ١٩٩٩: ٦٤ - ٦٥).

سـەرەڕای ئـەو گۆڕانکارییانـە ژمـارەی ئـەو ئەنـدام پەرلەمانتارانـە بەرزبـووەوە، کـە تاکـە وەزیفەیـان موڵکداریـی زەویـی بـوون، هەروەهـا پێکهاتـەی ئەنجومەنـی سیاسـیی وڵات تەنهـا لـەو کەسـانە بـوون کـە سـەر بـە ڕەزا شـا بـوون، ناوبـراو ڕێگایەکـی تـری ئاسانیشـی گرتـە بـەر بـۆ دەسـت بەسـەراگرتنی وڵات ئـەوەش ئـەوە بـوو کـە خـودی ناوبـراو لەگـەڵ سـەرۆکی پۆلیسـیی وڵات لیسـتی نـاوی کاندیکدکراوەکانیـان تاووتـوێ ئەکـرد بـۆ ئـەوەی بزانرێـت ئـەو کاندیـدە کەسـێکی گونجـاوە یاخـود خراپـە یاخـود نیشـتمانپەروەر نییـە یـان شـێتە یاخـود سـیفاتی تـری وەك بێئاگایـە، کەللـە ڕەقـە.... تـاد (Office, ١٩٩٩: ٣٧ - ٤٤).

ڕەزا شـا بەوەشـەوە نەوەسـتا، ئـەو کاندیدکـراوە نەگونجاوانـەی کـە لـە هەڵبژاردنەکانـدا دەرنەئەچـوون و ئەیـان ویسـت بـە زۆر ببنـە پەرلەمانتـار، ئەوانـە ڕووبـەڕووی بەندکـردن یاخـود دوورخسـتنەوە لـە زێـدی خۆیـان ئەبوونـەوە، ئەوانەیشـی ئەبوونـە پەرلەمانتـار هەندێـك دەنگـی جەماوەرییـان لـە لایـەن هاووڵاتـی ناوچەکەیانـەوە بەدەسـت ئەهێنـا، کـە زیاتـر موڵکـدار بـوون، هەمـوو پەرلەمانتارانـی هەڵبژێـردرا و لەژێـر ڕکێفـی شـادا بـوون و پارێزبەندیـی پەرلەمانتارییـان هـەر لـە لایـەن ئـەوەوە پـێ ئـەدرا، دوای هەڵبژاردنەکانیـش ڕەزا شـا قەدەغـەی چالاکیـی هەمـوو حزبـە سیاسـییەکانی کـرد لـە نێویانـدا کۆنگـرەی حزبیـی و هەروەهـا داخسـتنی بڵاوکـراوە بـێ لایەنـەکان کـە بـە سـیخوڕ ناوزەنـدی ئەکـردن (ابراهیمیـان، ٢٠١٤: ١٠٦).

ئـەو سیاسـەتانەی ڕەزا خـان گرتیـە بـەر بـۆ سـەرکوتکردنی پەرلەمانتـارە نەیـارە سیاسـییەکانیی، بوونـە جێـی ڕەخنەگرتنێکـی ئاشـکرایانە لـە لایـەن نەیـارە سیاسـییەکانەوە، کـە بـە ئاشـکرا ئەوەیـان بڵاوئەکـردەوە، کـە ئـەو کارانـەی ڕەزا خـان ئەنجامـی ئـەدات ئەبێتـە هـۆی دارمانـی دەسـەڵاتەکەی، لـە بەرامبـەر ئـەو ڕەخنانـەدا ناوبـراو چەندیـن کەسـایەتیی ناوداریـی بـە تۆمەتـی جیاجیـا لەنێـو بـرد، لەوانـە پەرلەمانتاریـی جوولەکـە (سـامویل حاییـم) بـە تۆمەتـی ناپاکیـی، کوشـتنی میـرزادە عەشـقیی خـاوەن جیاوکیـی ڕۆژنامـەی سـەدەی بیسـتەم، پەلەمانتاریـی هەڵگـری بـاوەڕی زەردەشـتی کەیخوسرەو شـاهروخ، محەمـەد فەروخیـی یـەزدی سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (زریـان)ی سۆشیالیسـتیی (Kasravi, ١٩٤٢: ).

موڵکـدار و خانەدانـەکان و سـەرۆك هـۆزەکان جگـە لـەوەی پلـەو پایـەی ئەنـدام پەلەمانییـان بەدەسـت ئەهێنـا، هەروەهـا لەنێـو وەزارەتەکانیشـدا پلـەو پایـەی وەزیریشـیان پـێ ئـەدرا، بـۆ نموونـە سـەدر ئەعزەمـی خوراسـانیی کـە وەزیـری دادی پـێ درابـوو، کەسـی دووەم بـوو لـە دوای ڕەزا خـان، ناوبـراو یەکێـك بـوو لـە خێزانـە دەوڵەمەنـدە موڵکـدارە زەوییەکانـی خۆراسـان (Legation, ١٩٢٩: ١).

بـە بیروبۆچوونـی ڕەزاخـان، وڵاتێکـی تۆکمـە و بەهێـز، پێویسـتی بـە جێبەجێکردنـی چەنـد هەنگاوێکـە، یـەك لەوانـە بەسـتنەوەی هەرێمەکانـە بـە ناوەنـدەوە، کـە مەبەسـتی سـەرنەویکردنیی خێڵەکانـە کـە پێشـتر پرچـەك کـرا بـوون، ئەمـەش واتـای ئـەوەی ئەگەیانـد کـە دەوڵەتێکیـی یاخیـی لەنـاو دەوڵەتێکـی دیکـەدا هەیـە، بـۆ بەجێگەیاندنـی ئـەم کارە بـە پلـەی یەکـەم متمانـەی کـردە سـەر سـوپا بـە تایبەتـی لـەو کاتـەی کودەتاکـەی کـرد، بـۆ ئـەو مەبەسـتە وەزارەتـی جەنگیـی گرتـە ئەسـتۆ و دەسـت و بـرد سـوپای بـە چەکـی نـوێ پرچـەك کـرد و هەروەهـا بایەخـی زۆریشـیدا بـە مەشـقکردن (Tapper, ١٩٨٣: ١٦٠).

سـەرەتا بـۆ لاوازکردنـی خێڵـەکان و بـۆ دەوڵەمەندکردنـی گەنجینـەی وڵات لـە ڕێگـەی بـاج دان بـە دەوڵـەت ئەوانـی مانـدوو

کرد، دواتر بۆ داماڵینی ئەوان لە چەك، سەرەتا فەرمانی هێرشکردنی بۆ سەر خێڵەکاندا دوای سەرکەوتنی سوپا، توانرا ئەوان لە چەك داماڵێت، لەو کاتانەدا خێڵەکانی باشوور پەنایان بردە بەر کۆمپانیای نەوتی بەریتانیی – ئێرانیی بۆ هاوکاریکردنیان، لەبەرئەوەی پێشتر ئەو کۆمپانیایە متمانەی کردبووە سەر خێڵەکان بۆ پاراستنی کۆمپانیاکە لە بەرامبەر بڕێك دراوی دیاریکراو، کۆمپانیاکە لەو نێوەندەدا سیاسەتیی دووفاقی گرتە بەر بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی (سنجابی، ١٣٦٨: ٤٠).

ئەو سیاسەتەی ڕەزاخان کە چەند شێوازێکی بەرامبەر خێڵەکان پیادە ئەکرد، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوچە کوردییەکانیشی گرتەوە، کە تیایدا ژیانی ئابووریی – کۆمەڵایەتیی خێڵایەتی لە لوتکەدا بوو، یەکێك لەو شێوازانە کە لە شوێنی دیکەش ئەنجامی دابوو، هێرشی سەربازیی بوو بۆ سەر هێزە بچووکەکان بە مەبەستی لە چەك داماڵینیان و قەدەغەکردنی کۆچ کردنە وەرزییەکان، هەندێك لەو خێڵانە ناچار بە نیشتەجێ بوون ئەکران و لە لایەکی ترەوە خێڵەکانیی بە گژ یەکتریدا ئەکرد (العمر، داغر، ١٩٩٠: ٣١).

دەسەڵاتداران بەو جۆرە سیاسەتانەیانەوە نەئەوەستان، بەڵکو شێوازی فێڵ و پیلان دارشتنیان بەکارئەهێنا بۆ هەڵ خەڵەتاندنی سەرەك خێڵەکان بە دوورخستنەوەیان لە ناوچەکانیانەوە بۆ تاران و ناوچەی تر و دواتر لەوێ دەستبەسەر ئەکران (ئیگلتن، ١٩٧٩: ٣٧).

سیاسەتی ڕەزاخان بەرامبەر بە خێڵە کوردییەکان بەردەوام بوو، یەك لەو ناوچانەی بەرەو ڕووی هەڵمەتی سەربازیی بووەوە، خێڵەکانی لوڕستان بوو، ناوبراو پلانی بۆ نەهێشتنی ئەو دەسەڵاتەی لە لوڕستاندا هەبوو دارشت کە لە لایەن (غولام ڕەزا حوسێن قولی خان)ەوە ئەبرا بەڕێوە، لە ساڵی ١٩٢٤ بەدواوە و بە فەرمانی ڕەزاخان هێزێکی سەربازیی ڕەوانەی ئەو ناوچانە کراو بەوپەڕی توندوتیژییەوە بەرامبەر بە خێڵەکان ڕەفتاری ئەکرد، ژمارەیەکی لێ کوشتن و بەشێکیشیانی لێ بەند کردن، لە لایەکی ترەوە خێڵی (مەلەکشاهیی) بە ڕابەری (شا محەمەد) بەرەو ڕووی سوپا بووەوە و دواتر خێڵی (بەبری)ش چووە پاڵ ئەو خێڵە، دوای چەند ڕۆژێك توانیان شاری (ئیلام) کە مەڵبەندی سەرکردایەتی سوپای ڕۆژئاوای ئێران بوو، زەوت بکەن (وردی، د. ت: ٢٢، ٣٠). بەڵام بە هۆی بۆردومانی فڕۆکەوە، ڕاپەڕیوەکان بەرەو چیاکانی دەورو پشتی ئەو شارە هەڵاتن، بەو هۆیەوە ڕاپەڕینی ئەو چەند خێڵە کۆتایی هات، لەبەرئەوەی نەیانتوانی درێژە بە ڕووبەڕوو بوونەوەکانیان لە دژی سوپا بدەن (وردی، د. ت: ٣١).

لە لایەکی ترەوە و لە ساڵانی ١٩٢٣ تاکو ١٩٢٥، ناڕەزایی خێڵەکان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئێران دا بەردەوام بوو، تەنانەت خێڵەکانیی لوڕستان وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا چەند ڕاپەڕینێکی چەکداریان کرد، بۆ یەکەم جار سوپا بۆ چەند جارێك فڕۆکەی لە دژیان بەکارهێنا، تاکو ئەوەی سەرکەوتنی بەسەر ئەو خێڵانەدا بەدەست هێنا و لە ٧ی ئازاری ١٩٢٤دا سوپا توانی بچێتە ناو شاری (خورەم ئاباد)، بە گەیشتنی بەوێ سەرەك خێڵ و کەسایەتییە ناسراوەکانی دەستگیر کرد و ڕەوانەی ناوچەی (خۆراسان)ی کردن. لە هەمان کاتدا پرۆسەی چەك داماڵینیی دەستپێکرد، بەڵام ناوچەکانی خۆراسان بە تایبەت خێڵە تورکمانەکان ئامادە نەبوون پێشوازی لەو دوورخراوە لوڕانە بکەن، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٥دا بەرامبەر دەسەڵات بووەستنەوە، بەڵام نەیانتوانی بەرامبەر هێرشیی سوپا بەرگری بکەن و تێکشکان (السبكي، ١٩٩٩: ٦٧).

لە لایەکی ترەوە هەر لە ساڵی ١٩٢٥دا سمکۆی شکاك بە یارمەتی خێڵەکانیی بەگزادە و هەرکیی هەوڵیدا شاری سەڵماس زەوت بکات، بەڵام بە هۆی بەرگری سوپا ناچار بوو پاشەکشە بکات، ئەو هەوڵەی سمکۆ و سەرپێچی خێڵەکانی ناوچەی ئەردەڵان بە واتای ئەوە نایەت، کە ناوبراو توانیبێتی یەکێتییەکی خێلایەتی نوێ پێك بهێنێت

یاخود پەیوەندییەك لە نێوانیاندا دروست بکات، ڤان برۆنەسن لە وتاری (خێڵە کوردەکان و شۆڕشی سمکۆ)دا ئاماژەی بەم شێوەیە داوە: "سمکۆ لە ساڵەکانی بەهێزیی و پەرەسەندنیی راپەڕینەکەیدا، لە مەریوان و هەورامان، کاریگەریی و دەسترۆیی هەبووە تەنانەت خێڵەکانی ناوچەکانی باشووریش وەك لوڕستان ئامادەی پشتیوانی کردن بوون لە راپەڕینەکەی" (بورزوویی،٢٠٠٥: ٣٠٤).

ناکۆکی نێوان خێڵەکانیی لوڕستان لەگەڵ دەسەڵاتدا بەو سیاسەتانەی کە رەزا خان گرتبوویە بەر لە دوورخستنەوە و کوشتار، کۆتایی نەهات هەر لە ساڵی ١٩٢٢دا و لەو کاتەی ژمارەیەك سەرباز لە تەنگەبەری (شلیل) لە لوڕستان کە کەوتبووە ناوچەی جێنشینی خێڵیی بەختیاریی هاوپەیمانی (شێخ خەزعەل)ی سەرەك خێڵی عەرەبەکانی باشووری رۆژئاوای ئێران، لە لایەن میر موجاهیدی بەختیاری هاوڕێی نزیکی شێخ خەزعەل هێرش کرایە سەریان، دوای کوژرانی ٣٥ – ٤٠ سەرباز و برینداربوونی ٢٠ سەرباز و ونبوونی ژمارەیەکی زۆر، ئەو رووداوە بیرۆکەی بەکارهێنانی هێزیی سەربازیی بۆ چۆك پێدادانی ناوچە دوورەکان لە ناوەندەوە لە لایەن رەزا خانەوە، رووبەڕووی کارەساتێکیی شوورەیی بووەوە (ستراناك، ٢٠٠٦: ٣٢٣).

بە شێوەیەکی گشتیی ستراتیژی رەزا خان بەندبوو لەسەر تاکتیکی ریزبەندیی بۆ خۆڕزگارکردن لە نەیارەکەی و تاکە دەسەڵاتی خۆیشی بەسەر وڵاتدا بسەپێنێت، بۆ ئەم مەبەستە تاکتیکی پچڕاندنی پەیوەندی نێوان خێڵە ئێرانییەکان و میری عەرەبستانیی دارشت بۆ کۆتایی پێکهێنان بە ناکۆکی نێوان خۆیی و ئەو میرە، سەرەتا داوای قەرەبوویەکی زۆری خوێنیی ئەو سەربازانەی کرد کە لە لایەن خێڵەکانی لوڕ و بەختیاری پێش ماوەیەك لە گەرووی (شلیل) کوژرابوون، خێڵەکانی بەختیاری رەزامەندیان نیشاندا و پەیمانیشیاندا بە رەزا خان کە هاوکاری سەربازیی بکەن لە دژی لوڕەکان لە بەرامبەر کەم کردنەوەی قەرەبووکردنەوەی خوێن، بەمەش رەزا خان سەرکەوتنی لە بەرامبەر دوژمنێکی تری کە بەختیارییەکان بوو بەدەستهێنا (السبکي، ١٩٩٩: ٦٩).

لەو میانەدا بە پێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی، باڵوێزی ئەو وڵاتە لە ئێران بە ناوی لۆرین، بۆی دەرکەوتبوو کە رەزا خان ئەتوانێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەست بەسەر هەموو وڵاتدا بگرێت و بیریشی لەوە ئەکردەوە، بەرژەوەندی وڵاتەکەی لەگەڵ دەوڵەتێکی وەك ئێران دایە. بۆ ئەم مەبەستە، ئەو باڵیۆزە دەستیدایە نێوەندگیریی کردن لە نێوان دەسەڵات و شێخ خەزعەل، دواجار شێخ و شاندی دەسەڵات و (ماك کورماك) بەڕێوەبەری موڵکە میرییەکان لە وەزارەتی دارایی بەریتانیی، لەسەر ئەوە پێکهاتن کە شێخ خەزعەل بڕی ٥٠٠ هەزار تومان باجی دواخراو و ١٠٠ هەزار تومان باجی پێشەکیی و ئەوەی ئەمێنێتەوە بە بەش بەش بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بدات بە حکومەت، لە بەرامبەردا حکومەت بەوە رازی ببێت، کە هێرش نەکات و دواتر لەسەر ئەوەش رێك کەوتن کە متمانەپێکراوی دارایی هەمیشەیی بەریتانیی لەو شارە وەك چاودێر بمێنێتەوە بۆ دانەوەی ئەو باجانە بە دەوڵەت(ستراناك، ٢٠٠٦: ٣٥١).

هەرچەندە رێکەوتنەکە واژۆ کرا، بەڵام رەزا خان لە نامەیەکیدا کە بۆ شێخ خەزعەلی نووسیبوو، تیایدا ئاماژە بەوە کرابوو، نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئێران وەك جێگری حاکمی گشتی لە (عەبادان) کارەکان ئەبات بەڕێوە، لەم نامەیەدا بۆ شێخ دەرکەوت کە رەزا خان مکوڕە لەسەر گەڕانەوەوی عەرەبستان بۆ ژێر رکێفیی، بە تایبەتی لە نامەی دووەمی رەزا خاندا کە لە تەمموزی ١٩٢٤دا بۆ ناوبراوی ناردبوو، تیایدا جەخت لەوە کرابووەوە، زەوییەکانی عەرەبستان موڵکی شێخ خەزعەل نیە، چونکە (موزەفەرەدین شا) لە ساڵی ١٩٠٣دا فەرمانێکی دەرکردووە بە داخستنی ئەو موڵکیەتە، بەوەش هەموو زەوییەکان بۆ موڵکیی ئێران ئەگەڕێتەوە (السلمان، ١٩٨٣: ١٦٣).

بۆ سەرنەگرتنی ئەو داوایەی دەسەڵات، شێخ خەزعەل هیوای بە بەریتانیا نەمابوو، لەبەرئەوە بیری لەوە کردەوە

لەگـەڵ خێڵـە عەرەبەکانیـی عەرەبەسـتان و خێڵەکانـی بەختیـاری و لوڕسـتان هاوپەیمانییـەك گرێبـدەن، ئـەوە بـوو (هاوپەیمانـی خێڵەکانـی باشـوور) پێکهـات، شـێخ خەزعـەل وەك سـەرەك خێڵەکانـی عەرەبسـتان و (یوسـف خان) سـەرکردەی بەختیارییـەکان و (موجاهیـد خـان) میـری لوڕسـتان، (غـوڵام رەزا خـان) والـی پشـکۆ، لـە لایەکـی تریشـەوە (ئەحمـەد شـا)ی قاجـار کـە لـە پاریـس بـوو، پشـتگیری ئـەو هاوپەیمانێتییـەی کـرد کـە لـە دژی هەژموونیـی رەزا خـان وەسـتابووەوە (النجـار، ١٩٧١: ٣٣٨).

ئـەو کارە دەنگـۆی گـەورەی لەنـاو دەسـەڵاتدا دایـەوە و خـودی رەزاخـان لـەو هەنـگاوەی شـێخ خەزعـەل ترسـا، بـۆ سـەر نەگرتنـی ئـەو هەنـگاوە، بڕیاریـدا لـە رێـی سـەربازییەوە ئـەو کارە بـکات، بـەو هۆیـەوە هێزێکـی سـەربازیی لـە رێـی ئەسـفەهانەوە بـۆ عەرەبسـتان نـارد، لـەو کاتانـەدا دوو یاداشـتنامەی حکومەتیـی بەریتانیـی بـۆ چارەسـەری ناکۆکـی نێـوان هـەردوولا رەوانـەی رەزا خـان کـرا، بـە مەبەسـتی ئـەوەی خوێـن نەڕژێـت و دامـەزراوە پەترۆلییـەکان لـە مەترسـی شـەڕ بپارێزرێـت، بـەڵام ئـەو داوایانـەی بەریتانیـا پشـتگوێ خـرا لەبەرئـەوەی واتـای ئـەوەی ئەگەیانـد کـە دەسـتوەردانە لـە کاروبــاری وڵات (ســترانك، ٢٠٠٦: ٣٤٨ - ٣٤٩).

لـەو کاتانـەدا شـێخ خەزعـەل بـە ناچـاری سـەربەخۆیی میرنشـینەکەی راگەیانـد و داوای لـە هـەر کەسـێك کـرد کـە توانـای چـەك هەڵگرتنـی هەیـە بەرگریـی بـکات، بـۆ ئەمـە تیمێکـی سـەربازیی بـە نـاوی (لاوانـی حزبـی ئاسـودە) دامەزرانـد، هـاوکات ژمارەیـەك خێڵـی تـری عـەرەب پشـتگیری ناوبراویـان کـرد، سـەرباری ئـەو هەنگاوانـە، شـێخ خەزعـەل نامەیەکـی نـارد بـۆ کەسایەتییە ئایینییەکانـی عێـراق، کـە هاوکاریـان بکـەن، لـە لایەکـی تریشـەوە یاداشـتنامەیەکی سـکاڵایی رەوانـەی کۆمەڵـەی گـەلان کـرد کـە تیایـدا رەزا خانـی سـەرۆك وەزیرانـی وڵاتـی تاوانبـار کردبـوو بـە هێرشـکردنە سـەر ناوچەکـەی، هـاوکات داواشـی لـە بەریتانیـا کـرد کـە دەسـەڵاتەکەی بپارێزێـت و وەفـای رەوشـتیانەی هەبێـت بەرامبـەری (الـركابي، ٢٠١٥: ١٩٤، ١٩٥).

بـە پێـی دەستنووسـەکەی شـێخ سـاڵح بـاش ئەعیـان عەباسـی، کـە لـە مانگـی تشرینـی یەکەمـی ١٩٢٥ نوێنـەری سـامیی بەریتانیـا (لۆریـن)ی لـە بەغـداد بینـی بـوو، دوای وتووێژکردنیـان لـە بـارەی هەوڵەکانـی شـێخ خەزعـەل بـۆ سـەربەخۆیی عەرەبسـتان، بـۆی روون بـووەوە بەریتانیـا لەگـەڵ رەزا خـان رێـك کەوتبـوو لەسـەر فراوانکردنـی دەسـەڵاتەکەی لـە عەرەبسـتانێك کـە ناوچەیەکـی دەوڵەمەنـدە بـە سـامانی نـەوت، رەزا خـان لـەو رێکەوتنەیـدا نەرمیـی نواندبـوو بەرامبـەر بەریتانیـا، ئـەوە بـوو عەرەبسـتان رووبـەڕووی مەترسـی هێرشـی رەزا خـان بـووەوە (الـركابي، ٢٠١٥: ١٩٧).

بـۆ خۆڕزگارکـردن لـە شـێخ خەزعەلـی نەیاریـی، سـەرەتا هەنـگاوی نـا بـۆ راماڵینـی خێڵـە عەرەبـە پشـتگیری کارەکان لـە شـێخ خەزعـەل بـە شـێوەی یـەك لـە دوای یـەك و هەروەهـا لـە لایەکـی تریشـەوە داهاتەکانـی ناوبـراوی کـەم کـردەوە، بـە پێـی ئـەو تاکتیکـەی رەزا خـان دابنابـوو بـە بانـگ هێشـتکردنی شـێخ خەزعـەل و کوڕەکانـی بـۆ ئاهەنگێـك لـە تـاران، بـەر لـەوەی ئـەوان بگەنـە ئـەو شـارە، دەسـتبەجێ سـەرکردەی حامیـەی سـەربازیی ئێرانیـی شـارەکە، پلانەکـەی رەزا خانـی جێبەجـێ کـرد بـە دەسـتگیرکردنی شـێخ خەزعـەل و کوڕەکانـی و دواتـر رەوانەکردنیـان بـۆ تـاران لـە لایـەن (فەزلولـڵا ئەلزاهدی)یـەوە، بـە هـۆی ئـەو سـەرکەوتنەی لـە سـاڵی ١٩٢٥دا، رەزا خـان ئـەو میرنشـینەی خسـتە سـەر ئێـران و ناوەکەشـی بـۆ (خوزسـتان) گۆڕیـی (محمـد، ١٩٨٦: ٢١).

## تەوەرەی سێیەم: رۆڵی موڵکدار و خێڵەکان لە رووداوە سیاسییەکانی ئێران ١٩٢٦ - ١٩٤١

رەزا شا لە دوای تاج لەسەرنانی لە نیسانی ١٩٢٦ هەمان سیاسەتی گرتە بەر و تەنانەت بە شێوەیەکی توندتر بە مەبەستی سەردانەواندنی خێڵەکان بۆ دەسەڵاتی ناوەندی و هاوکات توانەوەی پێناسەیان لە بۆتەی نەتەوەی فارسیدا، لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەدا راپەرینیی چەکداریی لێکەوتەوە، ئەوە بوو هەر لەو ساڵەدا، راپەڕینێکی چەکداری لە ناوچە کوردییەکان هەڵایسا، کە بەریتانیا دەستی لەوەدا هەبوو، لە کرد هەموو پێگە سەربازییەکان و ناوەندی ژاندرمەیی و هێزە سەربازییەکان، هەر لە سنوری تورکیا - ئێرانەوە تاوەکو کرماشان کەوتنە بەر شاڵاوی خێڵەکان و شارەکانی سەردەشت و مهابادو مەریوان بە شێوەیەکی تەواو کەوتنە بەر مەترسیی، جیا لە خێڵە کوردەکانی ئێران، خێڵەکانی پشدەری کوردستانیی عێراقیش یارمەتییەکی باشیان پێشکەش بە (سالار الدولة) کرد (بورزووی، ٢٠٠٥، ٧). لەم بارەیەوە (حەسەن ئەرفەع) بە کورتی ئاماژەی بە هاوکاریی نێوان بەریتانییەکان و ناوبراو کردووە و ئەنووسێت: "کاتێك شازادەی قاجار لە سنوور تێپەڕیی و هاتە نێو خاکی عێراق، یەکێك لە ئەفسەرانیی پاسەوانی بەریتانیا ئەوی بینی، لەبەرئەوەی فەرمانی گرتنی ئەوی پێ نەبوو، تەنها بەغدای لەو کارە ئاگادار کردەوە، ئەم دەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی کە (سالار الدولة) لەگەڵ سەرۆکەکان (سەرەك خێڵکان)ی کورد بکەوێتە وتووێژەوە و پێویستییەکانیی شۆڕش ئامادە بکات"( ئەرفەع، ٢٠٠١: ١٠٠ - ١٠١).

موڵکدارە گەورەکان نەبوونە نەیاری دەسەڵاتەکەی رەزا شا، بەڵکو ئەوانەی زیاتر ئەبوونە نەیاری، هۆزەکان و ناوچەگەریی و نەتەوەییەکان بوون، بۆ سەرکوتکردنی ئەو هۆزانە، ناوبراو فەرمانی دەرئەکرد بە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی مەشق کراو، دەسەڵات نەك تەنها هەوڵی ئەوەی ئەدا کە هۆزەکان لە چەك دابماڵێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئەوەشی بەسەردا ئەسەپاندن کە وەفایان بۆ وڵات هەبێت، جگە لەو هەنگاوانە بڕیاری نیشتەجێکردنی هۆزە کۆچەرییەکانیداو لە گوندی نموونەیی نیشتەجێی ئەکردن، ئەو سیاسەتە پێی ئەوترا تەختە قاپو (احتسابیان، ١٣١٥: ٢٥٧ - ٢٦٠).

لە ئەنجامی ئەو بڕیارە سەپێنەرانەی کە دەری ئەکردن، ئەو راپەڕینە چەکدارییانە ئەهاتنە ئاراوە بە هۆی ئەو هەڵماتانەی لە دژی سەرۆك هۆزەکان، هەندێکیان چۆکیان بۆ دەسەڵاتەکەی رەزا شا دائەدا، بەڵام ئەوانەی لە دژی ئەوەستانەوە ناوبراو بە پیلان و پلانی هەمەجۆر لەناوی ئەبردن، لە نموونەی ئەوانەی لە سێدارەی دان ئیمام قولی خانیی مامەسانیی سەرکردەی لوڕەکانیی دۆست محەمەد و حسێن خانی سەرۆك هۆزی قەشقایی بوون (ابراهیمیان، ٢٠١٤: ١٣٢).

رەزا شا لە نزیکەوە چاودێری ناو پەرلەمانی ئەکرد، هەر خۆیشی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی هەموو دانیشتنەکانی ئەکرد بە تایبەتی دانیشتنی پێنجەم لە ساڵی ١٩٢٦، سەرەڕای ئەو کارانەی بەڵام پێکهاتەی چینایەتیی گۆڕانکاریی ئەوتۆی بەسەر نەهات لەبەرئەوەی موڵکداریی زەوی و خانەدانەکان و فەرمانبەرە پلە باڵاکان و سەرمایەدارانی پەیوەستدار بە کۆشکی پاشایەتیی وەك خۆیان مانەوە و ئەوانە لە ٨٤٪ ئەندامانی پەرلەمانیان پێك ئەهێنا (Shaji'I, ١٩٦٤: ١٧٦).

رەزا شا سووربوو لەسەر سیاسەتی چەك کردنی خێڵەکان و نەهێشتنی هەژموونیان، بەڵام خێڵە کوردییەکان وەك خێڵەکانی تری ئێران لەناو چوارچێوەی خێڵایەتییاندا، بێ چەکیان بە دژوار زانیوە و بۆ چەسپاندنی یەکسانی لەگەڵ هاوسێ چەکدارەکانی خۆیان و سوود وەرگرتن لە توانای ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا بە پێوانەی خێڵایەتیی چەکیان پێویست بوو، ئیبراهیم خواجە نوری هەستیاریی خێڵەکانیی لە بەرامبەر سیاسەتی چەك کردن نووسیوێتی: "گرنگی

ئەم کارە ئەبێت بە دروستیی لە خەیاڵی خۆماندا وێنای بکەین و بزانین کە تفەنگ لە روانگەی سوارێکی خێڵەوە واتای چی ئەگەیەنێت؟ تفەنگ واتە هێز، بەدەستهێنانی دەستکەوت، بەرگریی لە ناموس و ماڵ، واتە نەچوونە ژێر باڵیی دەوڵەت (پور، ١٣٦٩: ٢٧).

لە لایەکی ترەوە و لەو سەروبەندانەدا و لە بەرامبەر سیاسەتی چەك کردن، ژمارەیەك لەو سەرەك خێڵانەی ئەو سیاسەتی سەپاندنەی دەسەڵاتیی ناوەندییان لە ناوچەکانیاندا پێ باش نەبوو، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ (حەمە رەشید خانی بانە) کۆبوونەوە و چووبوونە سەر ئەو باوەڕەی پەلامارێکی سەرانسەریی بکەنە سەر هێزەکانی دەوڵەت لە شاری بانە، حکومەتیی ئێران بە بیستنی ئەم هەواڵە، بەیاننامەیەکی دەرکرد کە بە توندی هەڕەشەی لە هەر سەرۆك خێڵێکیی کورد ئەکرد کە هاوکاری حەمە رەشید خان بکات، دواتر حکومەت هێزێکیی بە سەرکردایەتی سەرلەشکر (عەبدوڵڵا خان تەهماسب) و هێزێکی تری بە سەرکردایەتی سەرهەنگ (مەحمود ئاغا) رەوانە کرد کە بە پەلە بگاتە سەر گوندی (چیچوان)ی نزیك شاری بانە، بەڵام ئەو هێزانە نەیانتوانی بەرامبەر بە چەکدارە خێڵە کوردەکان رووبەڕوو ببنەوە و تێکشکان (توکلی، ١٣٦٣: ١٨٣ - ١٨٤).

سیاسەتێکیی دیکەشیی بەرامبەر بە هەندێك لە خێڵە کوردەکان بەکار ئەهێنا، هەر خێڵێك بەرەو رووی سیاسەتەکانی بوەستایەتەوە، ئەوا بۆ شوێنی تری ئەگواستەوە، هەر وەك ئەوەی بەشێك لە خێڵەکانی (گەڵباخی، جەلالی، پیران) بەرەو ڕووی ئەو سیاسەتە بوونەوە و لە ساڵی ١٩٣٥دا بۆ شارەکانیی (سوڵتان ئاباد، کرمان و شیراز)ی راگواستران، لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەدا کە بە دۆخێکی دژواردا ئەرۆیشت، چەندین ئافرەت و منداڵ و پیر لەنێو ئەو پرۆسەی راگواستنەوەدا گیانیان لەدەستدا (احمد، ١٩٨٥: ٢٥٥).

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کورت لێپرسراوانی دەوڵەت لە (بانە) داوایان لە سەرەك خێڵەکان کرد کە هاوکاری حەمە رەشید خان نەکەن و پشتگیریی لە سوپای دەوڵەت بکەن، لە لایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارانی ئێران پەیوەندییان بە حکومەتیی عێراقەوە کرد کە هێزە سنورییەکانیان بخەنە ئامادەباشییە و رێگا نەدەن حەمە رەشید خان بە ئارەزووی خۆی ئەم دیو و ئەودیوی سنوور بکات، ئەوە بوو لە دوای تێك هەڵچوونێکی سەربازیی، هێزەکەی ناوبراو شکستی خوارد و بەرەو سنووری عێراق پاشەکشەی کرد. (مەنگوڕی، ٢٠٠٠: ١٨٨).

لە هەمان کاتدا ئەو راپەڕینانەی کە بەرپا ئەکران، چەند ناوچەیەکی تری کوردستانیی گرتەوە، هۆکاری ئەو ناڕەزاییە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە هەندێك سەرەك خێڵ رازی نەئەبوون بە سیاسەتەکانی رەزا شا بەرامبەر بە خێڵەکان، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٦دا چەند خێڵێکی ناوچەکانی هەورامان و مەریوان بە رابەرایەتی مەحمود خانی دزڵیی و جافەرسانی هەورامان و مەحمود خانی کانی سانان، لە بەهاری ئەو ساڵەدا لە دژی حکومەتی ئێران راپەڕینیان بەرپاکرد، حکومەت سێ تیپی پیادەی رەوانەی شاری (سنە) کرد تاکوەو نەهێڵێت ئەو شارە بکەوێتە ژێردەستی راپەڕیوەکان، لە بەهاری ساڵی داهاتووشدا هێزێکی تر کە لە هەمەدان بوو، رەوانەی ناوچەی شەڕەکان کرا، بە هۆی بەردەوامی شەڕ، ناچار حکومەت (عەبدوڵڵا خان تەهماسب)ی بە مەبەستی گفتوگۆ رەوانەی ناوچەکە کرد، لە دوای گفتوگۆ توانی هەریەك لە جافەرسانی هەورامان و مەحمود خانی دزڵی بەلای خۆیدا رابکێشێت بەو مەرجەی چەکەکانیان لێ نەسێنێت و ئەندامانی خێڵەکانیشیان راپێچی زۆرەملێی سەربازیی نەکات (هەروتی، ٢٠٠٧: ١١٦)، بەڵام مەحمود خانی کانی سانان و چەند خێڵێکی تر بەردەوام بوون لە شەڕ لە دژی دەولەت، بە هۆی ناردنی هێزێکی زۆرەوە، چەکدارە کوردەکان نەیانتوانی بەردەوامی بە رووبەڕووبوونەوەکە بدەن و هەندێکیان بەرەو باشووری کوردستان پاشەکشەیان کرد و خۆیان رادەستی هێزەکانی سەر سنووریی عێراق کرد (ئەرفەع، ٢٠٠١: ١٠١).

بۆ جارێکیتر ناکۆکی کەوتەوە نێوان حکومەت و سەرەك خێڵەکانی مەریوان و هەورامان، لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران هێزیی سەربازییان نارده ناوچەکە و لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەوە، دواتر شەڕ روویدا، بە هۆی زۆری ژمارەی سەرباز و چەکی پێشکەوتوو، راپەڕیوەکان کە لەژێر سەرکردایەتی مەحمود خانی دزڵیی و محەمەد ئەمین لهۆنی کوڕی جافر سانی هەورامانـدا بوون، پاشەکشەیان کرد و سوپاش چووە ناوچەکە و دەستیدایە چەك داماڵینی خێڵەکانی لهۆن و مەریوان (بورزویی، ٢٠٠٥: ٣٠٧).

سەرکوتکردنی راپەڕینەکان و دەستگیرکردن و دوورخستنەوە و راگواستنیی بە کۆمەڵ نەئەبوونە هۆی ئەوەی کە هەندێك سەرەك خێڵی کورد بە سیاسەتەکانی رەزا شا لە ناوچەکەیاندا قایل بن، بەو هۆیەوە لە ساڵی ١٩٢٨دا، لەو کاتەی (سالار ئەشرەف)ی کاربەدەستی حکومەت لە سابڵاغ خەڵکی ناوچەکەی لە شوێنێکدا بە ناوی (کانون ئەفسەران) کۆکردەوە و لەوێدا بە زۆر بڕیاری گۆڕینی جلوبەرگیی کوردیی بە جلوبەرگی بیانیی دا، لەوێدا سەرەك خێڵی مەنگوڕ (مەلا خەلیل) نارەزایی بەرامبەر ئەو بڕیارە دا، دواتر ناوەندێکی دامەزراند بۆ خێڵەکانیی تری کوردستان بە مەبەستی راپەڕین و ناوینا (اتحاد واتفاق)، هەروەها بانگهێشتی سەرەك خێڵەکانی (گەورەك، سەردەشت، نەعلیی) کرد لەوانە (فەقێ عیسا و عەلی ئاغا سوێناسی)، لە هەمان کاتدا گوندی (حاجی ماميان)ی کردە ناوەندیی راپەڕینەکەی (احمد، ١٩٨٥: ٢٥٣).

بە دوایدا راپەڕینیی چەکداریی برەوی سەند و ناوچەکانی (نەغەدە، خانە)ی گرتەوە، کاربەدەستانی حکومەت مەترسیی فراوان بوونی راپەڕینەکەیان لەلا دروستبوو، بۆ سەرکوت کردنیی هەروەك تاکتیکی پێشوویان، جارێکی تر کەسانی کوردیان بە ناوی گفتوگۆوە نارده لای مەلا خەلیل، بەڵام کە ئاشکرا ئەبوو پلانی کوشتنیی ئەمیی لە دوایەوەیە، وەك ئەوەی (سەید عەبدوڵڵا) ناوێك لە لایەن لێپرسراوانی ناوچەکەوە بۆ ئەو مەبەستە نێردرا، مەلا خەلیل بۆ پشتگیری راپەڕینەکەی، پەیوەندی بە (عەباس مەحمود ئاغا)ی سەرەك خێڵی پشدەر و شێخ مەحمود بەرزنجییەوە کرد، بەڵام هەریەکەیان بە پاساوی ئەوەی کە حاڵەتەکەیان لەبار نییە بە تایبەتی بووە فشاری حکومەتی عێراق لە ناوچەی پشدەر، شێخیش لەو کاتەدا لە کوردستانی رۆژهەڵات داڵدە درابوو، پشتگیرییەکان سەرکەوتنیی بەدەست نەهێنا (محمد، ١٩٨٩: ٢٦٤).

لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەی بەردەوام لە چەندین ناوچەدا، سوپای حکومەت پاشەکشەی ئەکرد، بۆ رزگاربوون لەو دۆخە، کاربەدەستان توانیان نەیارانی خێڵی مەنگوڕ لەوانە سەرەك خێڵەکانیی (مامش و دیبوکری) رازی بکەن کە لە دژی جووڵانەوەکەی مەلا خەلیل بوەستنەوە و دواتریش توانرا (بایز ئاغا)ی نزیکترین پاڵپشتی مەلا خەلیل لە خشتە ببردرێت، کە ئەمەش لە لایەن (ئەمیر خوزاعی) فەرماندەی سوپا لە سابڵاغ کرا، لە لایەکی ترەوە، دەسەڵاتداران لەوە ئەترسان، کە سمکۆی شکاك پشتگیریی راپەڕینەکە بکات، هەربۆیە دەست و برد فڕۆکە نێردرایە سەر ناوچەی شەڕەکە و دوای شەڕێکیی کورت خایەن، راپەڕیوەکان بەرەو دیوی کوردستانیی عێراق پاشەکشەیان کرد (سەردەشتی، ٢٠٠٧: ٧٥).

تاکو ساڵەکانی دەیەی ١٩٣٠، ناوچەکانی (تورکمان سەحرا، کوردستان، لوڕستان، فارس)، بە دژواری نیشانەکانی بوونی ناسیۆنالیزمیان پێك ئەهێنا، هەروەها تاکو ئەو کاتە یەکپارچەیی ئێرانیش تا رادەیەکی زۆر واتایەکی سیاسیی هەبوو، بەڵام وردە وردە دەسەڵاتی خێڵەکان زیاتر ئەبوو، کۆنترۆڵکردنی ئەوان جارجار دژوارتر ئەبوو، گرنگترین هۆکارێك کە کاریگەریی هەبوو لەسەر پەیوەندی دەرەوەی ئێران، خودموختاری سەرەك خێڵەکان بوو، کە بە پاڵپشتی دەرەکیی ئامادە ئەکران، هەندێك لە ناوچە خێڵەکانی وەك کوردستان و تورکمان سەحرا و بلوجستان بوونە ناوەندی پلاندانانی

سیاسییی و سیخوڕیی و هەواڵگریی بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت، هەندێك جاریش ئەڵمانیا (پور، ١٣٦٩: ٧).

ناوچە عەرەب نیشنەکانیش بۆ جارێکیتر و لە دوای راگەیاندنی رەزا خان بە شای ئێران و بڕیاردانی چەندین چاکسازیی لە سەرجەم ناوچەکانی وڵاتدا، جووڵانەوەی چەکداریی رووباندا، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٨دا لە ناوچە عەرەب نشینەکان راپەڕینیی چەکداریی لە دژی بڕیاری حکومەت بە چەك داماڵینیان و گۆڕینی پۆشینی عەرەبیی و دەست بەرداربوونی سەرەك خێڵەکانی ئەم ناوچەیە لە موڵکەکانیان، لە هەمان کاتدا دەسەڵات توانی هەندێك سەرەك خێڵ بۆ لای خۆی رابکێشێت بەوەش توانی بەسەر ئەو جووڵانەوەیەدا سەربکەوێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٣١دا، خێڵی (کعب) بە پشتگیری چەندین خێڵی تری عەرەب، راپەڕینێکی چەکداریان لە دژی حکومەت بەرپاکرد و ناویاننا (واقعة الفلاحية) و سوپا نەیتوانی بە ئاسانیی سەرکوتیان بکات، بەڵکو زۆر بە زەحمەت نەبێت (الحلو، ١٩٧٠: ٨٧).

بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی دەسەڵات، رەزا شا چەندین مەرسومی لەو ماوەیەدا دەرکرد کە تیایدا ئاماژەی بە سڕینەوەی پێناسەی نەتەوەی عەرەب لە عەرەبستان درابوو، لە رێی قەدەغەکردنیان کە بە زمانی عەرەبیی بدوێن و هەروەها قەدەغەکردنیی لەبەرکردنیی پۆشاکیی عەرەبیی، تەنانەت لە بارەی خوێندنەوە تاکو ساڵی ١٩٣١ تەنها سێ قوتابخانە لە ناوچەکەدا هەبوو، بۆ پشت ڕاستی ئەو سیاسەتانەی رەزا شا بەرامبەر بەو ناوچەیە، لە راپۆرتێکی هەواڵگری بەریتانی کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی نێردراوە، تیایدا ئاماژە بە دۆخی عەرەبستان بەم جۆرە دەربڕدراوە: "سەرجەم خێڵەکان نارازین لەو بارودۆخەی عەرەبستان، خەڵکەکە چاوەڕوانی بانگەوازێکن بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لە دژی حکومەتی ئێران، کە لە لایەن تەواوی گەلیی عەرەبستانەوە بێزراوە، ئەوان وای دەبینن بە گۆڕینی ناوی عەرەبستان بۆ خۆزستان مەبەست لێی دەستبەسەراگرتنی کەسێتی عەرەبییە لەم هەرێمەدا" (العبيدی، ١٩٨٠: ٢٧٢).

ناوچەی بلوجستانی باشووری رۆژهەڵاتی ئێران بێ بەش نەبوو لە سیاسەتی سڕینەوەی پێناسەی نەتەوەیی نافارس، میری ئەم ناوچەیە (دوست محەمەد خان)، لە ساڵی ١٩٢٩دا لە دژی حکومەت راپەڕی و ژمارەیەکیی زۆر لە سوپا لەو ناوچەیەدا کوژران، بەڵام حکومەتی ئێران بە هاوکاری بەریتانیا، توانی ئەو راپەڕینە سەرکوت بکات و سەرکردەکەشی دەستگیر بکات (صابر، ٢٠١٣: ٢٧٥). هەر لەو کاتانەدا، نەتەوەی ئەرمەن لە ئێران دا رووبەرووی ئەو جۆرە سیاسەتانەی رەزا شا بووەوە، لەوانە داخستنی قوتابخانە ئەرمەنییەکان لەبەرئەوەی لەپاڵ بەکارهێنانی زمانی ئەرمەنیی، زمانی ئەورووپیش تیایاندا ئەخوێندرا، کار بەوەوە نەوەستا، بەڵکو ئەرمەنەکان بە بەکرێگیراو ناوزەند کران و هاوکات شاڵاوی ناوزڕاندنیشیان خرایە پاڵیان، هەرچەندە ئەو نەتەوەیە بەو سیاسەتانە بێزار بوو، بەڵام نەیتوانی راپەڕینیی چەکداریی بکات، دواتر و بە بڕیارێکی دەسەڵات کە لە ساڵی ١٩٣٨دا دەریکرد، بەکارهێنانی زمانیی بیانیی لە نێویشیاندا ئینگلیزیی لە فەرمانگە حکومییەکاندا قەدەغە کرا (السبکی، ١٩٩٩: ٩٥).

لە ئەنجامی ئەو بڕیارە سەپێنەرانەی کە رەزا شا دەری ئەکردن و راپەڕینە چەکدارییەکان ئەهاتنە ئاراوە، ناوبراو چەند چاکسازییەکیی ئابووریی کرد تاکو کۆمەڵگەی ئێرانیی لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی باڵادا کە خۆی رابەری ئەکرد بەڕێوە ببرێت، سەرەتا چاکسازیی زەویی کشتوکاڵیی پشتگوێ خراوی لە رێگەی بەموڵك کردنی بۆ جوتیارە ئاست خوار ناوەندەکان کرد، هاوکات لە ساڵی ١٩٢٨دا، یاسای پەیوەندی نێوان خاوەن موڵك و کرێ گرتەی دەرکرد، بەڵام هەژاریی جوتیار و کەمیی داهاتەکەی، کەوتە ژێر رکێفی خاوەن موڵکە گەورەکان کە لە توانایاندا بوو بە سامانەکانیان پێداویستییە کشتوکاڵییەکان بە شێوەیەکی گشتی پڕبکەنەوە، هەروەها زەویە پشت گوێخراوەکان بە شێوەیەکی تایبەتی لەسەر ئەرکی خۆیان چاك بکەن، بەوپێیە ئەو بڕیارەی رەزا شا نەبووە هۆی باش کردنی بژێویی

ژیانیی جوتیارەکان (السبكي، ١٩٩٩: ٧٥).

وێڕای دانانی بانکی کشتوکاڵیی لە ساڵی ١٩٣١داو هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمی دانەوێڵە لە ڕێی هێنانی شارەزای کشتوکاڵیی لە دەرەوە چ لە ڕێی هاوردەکردنی تۆوی دانەوێڵەی کوالێت بەرز، بەڵام خودی خۆی باشترین جۆری کشتوکاڵیی لە باکووری ئێران و هەروەها تریاك و توونتیشیی بۆ خۆی قۆرخ کرد (السبكی، ١٩٩٩: ٧٧)، تەنانەت لە ماوەی کەمتر لە ١٥ ساڵدا، ڕەزا شا بەوە ناسرا دەوڵەمەندترین پاشای ئاسیایە لە رووی سامانەوە، کە هەزاران هەکتار زەوی کشتوکاڵیی و لەوەڕگەی هەیە (معتضد، ١٣٧٧: ٦٧٦).

ساڵی ١٩٣٤ دەسەڵات گەیشتە ئەو بیرۆکەیەی کە بەروبوومی کشتوکاڵیی داهاتێکی کەمی هەیە لەبەرئەوەی ڕەزا شا بڕیاریدا بە فرۆشتنی موڵکیی زەویی دەوڵەت بە خاوەن زەویی و جوتیارەکان، بەڵام زۆرینەی ئەو زەوییانە کەوتنە دەست موڵکدارەکان، کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بۆ بەدەست خستنی قازانجێکیی زۆر لە چەوساندنەوەی جوتیاران بەکاریان ئەهێنان، بەشی زۆری ئەو موڵکدارانەی زەوییە نوێیەکانیان لە ڕێی بڕیارەوە دەست کەوتبوو لە تاران و شارەکانی تر خزابوونە نێو چالاکیی سیاسییەوە (صابر، ٢٠١٣: ٢٩٣).

بە هۆی بەردەوام بوونی کەمیی داهاتیی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، بۆ جارێکیتر حکومەت لە ساڵی ١٩٣٩دا لە ڕێی وەزارەتی دادەوە بۆ باشترکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی، بڕیاری دابەشکردنی پشکەکانیی دەرکرد، بەڵام ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرا و تەنانەت بە پێچەوانەوە شکایەوە بە هۆی سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر جوتیاراندا، هەندێك لەو باجانە ئەبوایە بە پارەی نەختینە رادەست بکرایە، کە جوتیار لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو بڕە پارەیەی پێ نەبوو (صابر، ٢٠١٣: ٢٩٣).

ئەو کارانە بوونە هۆی دروستبوونی قەیرانێك لە بژێوی ژیانی جوتیاراندا، ئەوەش وایکرد ژمارەیەکیی زۆر لەوانە زەوییەکانیان بەجێ بهێڵن و بەرەو شارەکان کۆچ بکەن، بەڵام لە شارەکاندا رووبەڕووی کێشەی نیشتەجێبوون ئەبوونەوە، هەروەها رووبەڕوویی گرفتی دەستکەوتنی کاریش ئەبوونەوە، کە بە هەزاران لەو کۆچکردووانەی گوندەکان بۆ شارەکان، رووبەڕووی بێکاریی ئەبوونەوە، ئەو دۆخە ئەوە دەرئەخات هەوڵی ڕەزا شا بۆ سنوردارکردنیی مامەڵە و رەفتاری دەرەبەگ و موڵکدارەکان، لە سنورێکیی تەنگدا بووە دەرحەق بە جوتیار، ئەم حاڵەتە لە سەروبەندی حوکمڕانیی قاجارییشدا بەدی دەکرا (صابر، ٢٠١٣: ٢٩٣).

هەموو ئەو چاکسازیانەی لە بارەی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و بازرگانیی و لابردنی جیاوکیی بیانیی ئەنجام دەدرا، ئەوە روون بووەوە، کە ڕەزا شا بە شێوەیەکی گشتی رقی لە بیانیەکان بووە، هاوکات ئەو سیاسەتانەی گرتبوویە بەر بۆ چاك کردنی وڵات و پێشخستنیی، بوونە جێی رەختەگرتن، ئەمە و سەرباری وەستانەوە بەرامبەر بە بەرژەوەندی کردەیی لە نێوان بیانیە هەڵپەکارەکان و هەڵپەی بۆرژوازیی و ئەرستۆکراتیی ئێرانیی تازە پێگەیشتوو، هەموو ئەمانە بوونە جێی رەخنە، کە ناوبراو وەك کەسێکی سەربازیی و پێکهاتەیەکی ئەقڵیی خێڵایەتیی دەرکەوت (لنشوفسكی، ١٩٦٤: ٢٢٥، ٢٣١).

لەگەڵ ئەو چاکسازیی و هەوڵانەی ڕەزا شا بۆ بەرەو پێشبردنی وڵات، هاوکات لە لایەکی دیکەوە هەوڵێکی بەردەوامی ئەدا بۆ سەرکوتکردن و شکست پێهێنانی چالاکییە حزبییەکان، لەو کاتانەدا نەیارانی شا بەرەو پەرەسەندن هەنگاویان دەنا و هەوڵیان ئەدا تووڕەیی خۆیان لە دەسەڵات نیشان بدەن، لەو کاتەدا پەرلەمان کە لە ئەندامی نوێ پێکهاتبوو، زۆربەیان لە پشتگیری کارانی دەسەڵاتیی ڕەزا شا بوون کە لە دەرەبەگ و خاوەن موڵکە باڵاکان بوون. لەو سەروبەندانەدا ئەم وتەیە بەرامبەر دەسەڵات دەوترا، ئێران لە لایەن سێ سەد خێزانی ئەرستۆکراتیەوە، کە هەڵگری

نازناوە کۆنەکانـن ئەبرێـت بەڕێوە، تەنانـەت کار گەیشـتبووە ئـەو رادەیـەی کـە ئەرسـتۆکراتییەکان پلـەی وەزیفیـی باڵایـان ئەفرۆشـت و ئـەم کارە دامـەزراوەی سەربازیشـیی گرتبـووەوە (محمـد، ١٩٨٦: ٤٠٨).

لـە سـەروبەندی جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا، ڕەزا شـا کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئەڵمانیـای هیتلەریـدا هەبـوو، بـە مەبەسـتی ئـەوەی هێـزی ئەڵمانیـا نەچێتـە نـاو ئێـران، سـوپای یەکێتیـی سـۆڤییەت چـووە باکـووری ئێـران و سـوپای بەریتانیـا لـە ئاراسـتەی یەکەمـەوە لـە خانەقینـەوە بـەرەو کرماشـان ڕۆیشـت و لـە ئاراسـتەی دووەمـەوە بـەرەو کێڵگـە نەوتییەکانـی موحەمـەرە پێشـڕەوی کـرد، بـەو هۆیـەوە دەسـەڵاتی ڕەزا شـا لاواز بـوو، کـە لـە ڕێـی سـەربازییەوە بـە تـەواوی نەیتوانـی کێشـەکانی لەگـەڵ نەتـەوە نافارسـەکاندا یەکلابکاتـەوە، دواتـر لـە ١٦ی ئەیلولـی ١٩٤١ لەسـەر تەختیـی پاشـایی لادرا و بـۆ باشـووری ئەفەریقـا دوورخرایـەوە (البیاتـی و غـازی، ٢٠٢١: ٦٩ – ٧٠).

ڕەزا شـا لـە ڕێـی ئـەو تەکتیکـە سیاسـیی و سـەربازییانەیەوە، توانـی پلانـی بەرنامـە سیاسـییی و کۆمەڵایەتیـی یەکانـی بەسـەر نەتەوەکانـی ئێـران دا بسـەپێنێت، هەرچەنـدە ئاسـتەنگ ئەهاتنـە بەردەمـی، بـەڵام بـە هـۆی یەکنەگرتنیـی زۆرینـەی خێڵـە نەتـەوە جیاجیاکانـی ئێـران، ڕاپەڕینەکانیـان شکسـتی ئەهێنـا ئەمـە لـە لایـەك، لـە لایەکـی تـرەوە وڵاتانـی زلهێزیـی ئـەو کاتـەی نزیـك لـە ڕووداوەکانـی نـاو ئێـران لەوانـە بەریتانیـا و یەکێتـی سـۆڤیەت، نـەك تەنهـا بـە دەم داوای سـەرکردەی ڕاپەڕینەکانـی نەتـەوە جیاجیاکانـی ئێرانـەوە نەئەچـوون، بەڵکـو بـە پێـی بەرژەوەنـدی خۆیـان، لـە هەندێـك حاڵەتـدا پشـتگیریی دەسـەڵاتدارانی ئێرانیـان ئەکـرد.

# ئەنجام:

## لە ئەجامی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەرئەکەوێت:

١- هـەردوو دەسـەڵاتی قاجاریـی و ڕەزا شـا بـە پێـی بەرژەوەنـدی چینـی دەسـەڵات و چینـی خانەدانـەکان، کـە زیاتـر خـۆی ئەبینێتـەوە لـە خـاوەن موڵکـە گـەورەکان و بازرگانـان و زۆرینـەی سـەرەك هـۆزەکان لـە سەرانسـەریی ئێـران دا، هـەر لـە دەوڵەتـی قاجارییـەوە تاوەکـو سـەردەمی شاهەنشـاهی بایەخیـان بـە بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان و دەسـەڵاتی خۆیـان بـۆ ئـەو مەبەسـتە بەکارهێنـاوە.

٢- لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدە بـەدواوە، لـەو کاتـەی کۆمپانیـا بیانییەکانیـی وەك بەلچیکیـی و بەریتانیـی، بـە پێـی ڕێککەوتنیـان لەگـەڵ دەسـەڵاتدا چەندیـن جیاوکیـی گەورەیـان بەدەسـت دەخسـت، لەولاشـەوە چینـی ناوەنـد کـە لـە جوتیار و کاسـبکار و ئەوانـی تـر پێکهاتبـوون، پشـتگوێ خرابـوون.

٣- بــە هــەدەر بردنــی ســامانی وڵات لــە لایــەن دەســەڵاتداران و کەمیــی خزمەتگــوزاری، کــە لــە هەندێــك ناوچــەدا خزمەتگوزاریـی هـەر نەبـووە، هـاوکات جیـاوازی چینایەتـی کـە بـە شـێوەیەکی زەق و ئاشـکرا دەبینـرا و هەسـتی پێدەکـرا بوونـە هـۆی ناڕەزایـی زۆرینـەی دانیشـتوانی ئێـران کـە چەندیـن ڕووداوی لێدەکەوتـەوە.

٤- لـە هەندێـك جـاردا دەسـەڵات بانگەشـەی چاکسـازیی ئەکـرد، بـەڵام زیاتـر پروپاگەنـدە بـوو نـەك جێبەجێکـردن و تەنانەت ئەندامانـی پەڕلەمانیـش لـە سـەردەمی هـەردوو حوکمڕانیـی قاجاریـی و شاهەنشـاهیی لـە زۆرینـەی ڕووداوەکانـدا زۆرینەیـان سـەر بـە دەسـەڵات بـوون.

٥- لـە لایـەك ئەوانـەی کـە ئەبوونـە بزوێنـەری ڕاپەڕیـن و ناڕەزایـی دەربڕیـن نەیـان ئەتوانـی بارودۆخەکـە چـاك بکـەن، لـەو دەستەبژێرانە بـوون کـە کەوتبوونـە ژێـر کاریگەریـی بیـری وڵاتانـی تـر لەوانـە رووسیاو ئەوروپـا کـە ئەوانـە چ بـۆ خوێنـدن چ بـۆ کارکـردن چووبوونـە ئـەو وڵاتانـە، هەروەهـا لـە دوای شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەری رووسـیای ١٩١٧، بیـری سۆشیالیسـتیی زیاتـر

كاریگەریی هەبوو لەسەر ئەو كۆمەڵە روناكبیرانە و ئەمانیش ئەبوونە هۆی پێكهێنانی نارەزایی لە دژی دەسەڵات و داواكردنی گۆڕانكاری لە دەسەڵات و ئەنجام دانی چاكسازیی.

٦- هەرچەندە نارەزایەتییەكان لە هەندێك جاردا كاریگەرییان هەبووە لەسەر دەسەڵاتیی ئێران، بەڵام ڕێژەیی بووە یاخود كاتیی بووە، ئەگەر دەستوەردانی وڵاتانی زلهێز لەسەر دەسەڵات نەبوایە، ئەوا ئەو داواكارییانە بە شێوەیەكی پێویست جێبەجێ ئەكران.

٧- داواكاری چاكسازیی و گۆڕانكارییەكان تەنها لە ناوچەیەك یاخود لە شارێك یان لە چەند شارێكدا نەبووە، بەڵكو زۆربەی شار و ناوچەكانی ئەگرتەوە تەنانەت نەتەوە نافارسەكانی وەك كوردو عەرەب و بەلوج و ئەوانی تر بێبەش نەبوون لە جیاوازیی و ستەمكاریی، هەر بۆیە ئەمانە لەچەندین شوێن و كاتیی جیاوازدا راپەرینی جەماوەریی و چەكدارییان لە دژی دەسەڵات كردووە.

٨- سەرنەكەوتنی راپەرینەكان ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە سەرجەم دەسەڵاتەكاندا خاوەن موڵكە گەورەكان و زۆربەی سەرەك هۆزەكان پاڵپشتی دەسەڵاتیان كردووە ئەمە لە لایەك، لە لایەكی ترەوە پشتگیریی هەندێك وڵاتانی هەرێمیی و زلهێز لە دەسەڵاتدارانیی ئێران، كە ئەو كارەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بووە.

٩- دەستوەردانی دەرەكیی ئەبوونە هۆی برِیاردان لەسەر رێرەوی رووداوەكان لە ئێران دا، هەروەها لە پشتی هەر قەیرانێكیشەوە كە ئەهاتە ئاراوە، هێزێكی بیانیی دەستی تیادا هەبووە.

## سەرچاوەكان:

### یەكەم: نامەی ماستەر:

١. السلمان، إنعام علي مهدي: حكم الشيخ خزعل في الاحواز ١٨٩٧- ١٩٢٥، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية الآداب، بغداد، ١٩٨٣.

٢. محمد، فوزية صابر: ايران بين الحربين العالميتين ١٩١٨ - ١٩٣٩ - تطور السياسة الداخلية - رسالة الماجستير كلية الآداب جامعة البصرة، ١٩٨٦.

دووەم: تێزی دكتۆرا:

١. جعيتم، هويدا عزت محمد: تاريخ الحكم النيابي لأيران - رسالة دكتوراه غير منشورة - كلية الآداب جامعة عين شمس - ١٩٩٦.

### سێیەم: كتێب

أ- كوردی:

ئەحمەد، كەمال مەزهەر، د: كوردستان لە ساڵەكانی شەڕی یەكەمی جیهانیدا، كۆڕی زانیاریی كورد، بەغدا، ١٩٧٥.

ئەحمەد، كەمال مەزهەر، د: خەباتی رزگاریخوازی كوردو ئازەر لە ئێران، و: ئازاد عوبێد ساڵح، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

ئەرفەع، حەسەن: كوردەكان، و: سەردار محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

ئیگلتن، ویلیام: كۆماری كورد لە ساڵی ١٩٤٦، ، و: سەید محمد صمدی، بەشی یەكەم، مهاباد، ١٩٧٦.

بورزوویی، موجتەبا: بارودۆخی سیاسیی کوردستان ١٨٨٠ – ١٩٤٦؛ نازناز محەمەد عەبدولقادر، یوسف خزر چوپان، سۆران عەلیپوور، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.
سەردەشتی، یاسین: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
محمد، محمود احمد: مێژووی هۆزی بڵباس لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٨٩.
مەنگوڕی، میرزا موحەمەد ئەمین: بەسەرهاتی سیاسیی کورد لە ١٩١٨ هەتا ١٩٥٨، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٠.
هەروتی، سەعدی عوسمانی: بزاڤی رزگاریخوازی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا ١٨٨٠ – ١٩٣٩، بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٧.

ب- عەرەبی:
أحمد، كمال مظهر، د: دراسات في تأريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد، ١٩٨٥.
بروكلمان، كارل: تأريخ الشعوب الاسلامية, تعريب: نبيه امين فارس وأمين البعلبكي، الجزء الاول، الطبعة السادسة، بيروت، ١٩٧١.
توريانتز، هاكوباف.: نفط و دماء، ترجمة: عبدالغني الخطيب، بيروت – لبنان، ١٩٦٢.
الجاف، حسن كريم: الوجيز في تأريخ ايران – دراسة في التأريخ السياسي، الجزء الرابع، دار ئاراس، اربيل ٢٠٠٨.
الحلو، على نعمة: الاحواز قبائلها واسرها، الجزء الرابع، النجف، ١٩٧٠.
السبكي، آمال، د: تأريخ ايران السياسي بين ثورتين (١٩٠٦ – ١٩٧٩) سلسلة عالم المعرفة، الكويت, ١٩٩٩.
البياتي، احمد كاظم، أ. م. د، غازي، وداد جابر، أ. م. د، محاضرات تأريخ ايران الحديث، جامعة المستنصرية – قسم التأريخ – كلية التربية الاساسية، بغداد، ٢٠٢١.
سترانك، ويليام ثيودور: حكم الشيخ خەزعەل بن جار واحتلال امارة عربستان، ترجمة: عبدالجبار ناجي، الدار العربية للموسوعات، الطبعة الثانية، بيروت، ٢٠٠٦.
صابر، فرح: التطورات السياسية في ايران في عهد رضا شاه بهلوي ١٩١٨ – ١٩٣٩، مركز الدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣.
العمرو، جهاد صالح، د، داغر، أسعد محمد: ايران في عهد رضا شاه ١٩٢١ – ١٩٤١، جامعة البصرة، ١٩٩٠.
لنشوفسكى، جورج: الشرق الاوسط في الشؤون العالمية، ترجمة: جعفر الخياط، مراجعة: الدكتور محمود حسين الامين، الدكتور ابراهيم احمد السامرائي، الجزء الثاني، دار المتنبي، بغداد، ١٩٦٤.
مانسفيلد، بيتر: تاريخ الشرق الاوسط، ترجمة: أدهم مطر، دار الناشر للدراسات والتوزيع، دمشق – سورية، ٢٠١١.
محمد، حربي: تطور الحركة الوطنية في ايران من سنة ١٨٩٠ حتى سنة ١٩٥٣، منشورات دار الثورة, بغداد, ١٩٧٢.
محمود، فاضل ملا، د: من تأريخ الحركة الثورية في ايران، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠١١.
النجار، مصطفى عبدالقادر: التأريخ السياسي لأمارة عربستان العربية ١٨٩٧ – ١٩٢٥، القاهرة، ١٩٧١.
النجار، مصطفى عبدالقادر: إمارة المحمرة – دراسة لتأريخها العربي (١٨١٣ – ١٩٢٥)، بغداد، ١٩٨١.
وردي، محمد توفيق: الأكراد الفيليون في التأريخ، بغداد، (د. س).

ج- فارسی:

ابراهیمیان، پرواند: ایران بین دو انقلاب، ترجمه: احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، تهران، چاب اول، ١٣٧٧.

٢. احتسابیان، احمد: جغرافیای نظامی ایران، چاب ارتش، تهران، ١٣١٥.

٣. پور، حمید رضا جلایی: قاضی محمد، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٩ ش.

٤. توكلی، محمد رؤوف: جغرافیا وتأریخ بانه کردستان، چاپ دوم، تهران، ایران، ١٣٦٣، هـ . ش.

٥. رازی، عبدالله: کتاب تاریخ کامل ایران از تاسیس سلسله ماد تا انقراض قاجارییه، چاب ١٥، ناشر اقبال، تهران، ١٣٧٨.

٦. سنجابی، کریم: امید هاونا امیدی ها، لندن، ١٣٦٨.

٧. شوستر، مورگان: اختناق ایران، تهران، ١٣١٥.

٨. عاقلی، باقر، دکتر: رضا شاه وقشو متحد الشکل، ١٣٠٠ – ١٣٢٠، تهران، ١٣٧٧.

٩. غنی، سیروس: ایران بر آمدن رضا خان بر افتادن قاجار و نقش انگلیس ها، ترجمه: حسن کامشاد، انتشارات نیلوفر، تهران، چاب اول، ١٣٧٧.

١٠. معتضد، خسرو: از سواد کوه تا ژو هانسبورك، تهران، نشر ثالث، چاب اول، ١٣٧٧.

١١. کسروی، احمد، تاریخ مشروطه ایران، تهران، ١٣٤٦.

١٢. هروي: محمد حسن ادیب: تأریخ بیدایش مشروطیت ایران، مشهد، ١٩٥٣.

د- ئینگلیزی:

1. Amanat, A: Pivot of the universe, Nasir al – Din shah Qajar and the Iranian Nonarchw (Berkeley, University of California press, 1997)

2. Anonymous: The Borderland of soviet Central Asia, Persia, IV, 1956.

3. Cottam. Richard. w: National in Iran, university of Pittsbourgh press, First Edition, 1964.

4. Curzon. G: Persia and the Presian Question, London, 1892.

5. DENOVO, J.A: American Interests and Politicies in the Middle East 19061939-, Minneapolis, 1963.

6. Grabill, L: protestant Diplomacy and the Near East, Missonary Influence on the American Policy 18101927-, Minneapolis, 1971.

7. Jager, Dr: Perssien and die Persische, weimar, 1916.

8. Legation, British: "Annual Report for 1908" Fo 371/ Persia 1909.

9. Ivans Pctor: the first Russian Revolution its Impact on Asia Englewood clift, N. J. 1962.

10. Millspaugh, A: The American Task in Persia (New work: century, 1925).

11. Oberling, P: The Qashqai Nomads of fars, Mouton, 1974.

12. Office Presidntial: Asnad az Entekhbat – e Majles – e – showraye Melli dar dowreh – e – Pahlavi – e – aral (Documents on Elections for the National Consulative Assembly in the First Pahlavi Eral, Tehran, 1999).

13. Shaji’I, Z: Nemayandegan – e Majles – e Showra – ye Melli (Deputies in the National Assembly), Tehran, 1964.

14. Sheikholeslami, R: The structure of central Authority in Qajar Iran, 1871 – 1896 (Atlanta Scholars press, 1997.

15. Sykes, P: A History of Persia, London, 1969.

16. Tapper, Richard: The Conflict of Tribe and state in Iran and Afghanistan, London, 1983.

## بڵاوكراوەكان:

یەكەم: گۆڤار

عەرەبی:

١. احمد، كمال مظهر، الدكتور: العراق وايران بين سازانوف وغراى – وثائق جديدة، مجلة آفاق عربية، السنة الخامسة، العدد ٢، تشرين الاول، ١٩٨٢، بغداد.

٢. الركابي، عكاب يوسف، أ. م. د: مشروع الملك فيصل الاول والشيخ خەزعەل بوضع عربستان تحت حماية العراق عام ١٩٢٤ – معلومات تنشر لأول مرة، مجلة لارك للفلسفة والسانيات والعلوم الاجتماعية، السنة السابعة، العدد العشرون، كلية الاداب، جامعة واسط - العراق، ٢٠١٥.

٣. العبيدي، ابراهيم خلف، الدكتور: عربستان وسياسة التفريس، مجلة آفاق عربية، السنة السادسة، العدد ٣، تشرين الثاني ١٩٨٠، بغداد.

دووەم: ڕۆژنامە:

ئینگلیزی:

1. Amir, A: Iranian cabinets from the time off the constitutional Revolution to the present. Ettrla’at - e - haftegi, vol. 1, No. 10 – vol, 2, No (March 1948 – August 1950).

2. Government British: Correspondence Respecting the Affairs of Persia (London: Government Printing House, 1909) vol. 1, No 1.

3. Legation British: Report on seizures of land by the Shah, Fo 371 / Persia 1932 / 34 – 16077.